ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٩ | هەینی ١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

پەلەقاژەی ئێران بۆ خۆڕزگارکردنی لە مۆرکی تێرۆریستی



حەسەن ڕووحانی لە سەردانەکەی بۆ سوئیس و ئوتریشدا هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ هەتا ڕۆچنەیەک بۆ ڕزگارکردنی «بەرجام» ببینێتەوە.

ئوتریش لە ئێستادا سەرۆکایەتیی یەکیەتیی ئورووپای لە ئەستۆیە، بەڵام سەفەری ڕووحانی بۆ ئەو وڵاتە هاوکات بوو لەگەڵ دەسبەسەرکرانی دیپلۆماتێکی ئێران (ئەسەدوڵلا ئەسەدی) کە بە تاوانی یارمەتیدانی ژن و مێردێکی تێرۆریست کە هەوڵی دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەیەکی مجاهیدینیان دابوو، گیراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشتریش هەر لە وڵاتی ئوتریش و هەر لەو مانگەدا دیپلۆماتەکانی بە تاوانی «تێرۆری کوردەکان» (دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەبدوڵلا قادری ئازەر و فازیل ڕەسوڵ) دەسبەسەر کرابوون، بەڵام دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لە پێناو بەرەژوەندیی ئابووریدا چاوی لە ڕاستییەکاندا نووقاند و دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ناردەوە تاران.

دەوڵەتی ڕووحانی لە ئێستادا هەموو تواناکانی خستووەتە گەڕ بۆوەی بتوانێ خۆی لەو تەنگانەیە ڕزگار بکا.

کورد و ئینترناسیونالْ سۆسیالیست

نەمامی پێوەندییەک کە بەخوێنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاو دراوە

ڕۆژی سێشەممە، ٥ی پووشپەڕ کۆبوونەوەی شووڕای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێڤ بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەشدار بوون.

ڕۆڵی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال لە کۆتاییهێنان بە شەڕ و هەوڵەکانی بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و دێموکراسی، تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پیشکەش کرا. لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، وێرای وەبیرهێنانەوەی گرنگیدانی هەمیشەیی و بەردەوامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بە پرسی کورد، داوا کرابوو ئەم کۆبوونەوەیەی شووڕاش لە پەسندکراوەکانی خۆیدا بایەخی پێویست بە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بدا.

لە وتاری حیزبی دێموکراتیدا هەروەها هاتبوو کە ئەگەر لە زوربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا پشتگوێخستنی قانوون دەبێتە مایەی پێشێلکرانی مافەکانی هاونیشتمانان، لە ئێران لە زۆر حاڵەتدا بەڕێوەبردنی قانوون و تەنانەت قانوونی بنەڕەتییش مایەی بێبەشی و ڕۆژڕەشیی بەشێک لە جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەیە. چونکە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ژنان و لاوان و ڕۆڵەکانی گەلانی غەیرەفارس و پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر بەشێکی زۆری مافە ئینسانییەکانیان لێ زەوت کراوە.

دوای دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، کۆبوونەوەکە بە دەرکردنی چەند بڕیارنامەیەک کۆتایی بە کارەکانی هێنا کە یەک لەو بڕیارنامەیە پێوەندیی بە پرسی کوردە هەبوو.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەل بەشێکی بەرچاو لە هەیئەت و نوێنەران و بەرپرسانی بەشداربوو دیدار و چاوپێکەوتنیان کرد و لەسەر پرسی کورد لە ئێران و ڕەوشی سیاسیی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

شارۆچکەی پیشەیی فەرامانی کرماشان داخرا

لەدرێژەی داخرانی کارگە و کارخانەکان لە ئێراندا، شارۆچکەی پیشەیی فەرامان دوای ٤٠ ساڵ لە دەسپێکی چالاکییەکانی بە یەکجاری ڕاوەستا.

شارۆچکەی پیشەیی «فەرامان» ساڵی ١٣٥٠ و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەست بە کارەکانی کرا، بەڵام دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خۆری بەختی ئاوا بوو. ئەو شارۆچکە پیشەییە بەهۆکاری جۆراوجۆری وەک کەمیی نەغدینەیی، کەوتنە بن قەرز، کۆنبوون و لەکارکەوتنی دەزگا و ماشێنەکانی و هەروەها هاوردەی بێسەرەوبەرانە و نەبوونی توانای کێبرکێ لەگەڵ کالا بیانییەکان بە یەکجاری پەکی کەوت و داخرا.

پارێزگای کرماشان یەکێک لە چوار پارێزگا هەرە گەشەنەسەندووەکانی کوردستانی ئێرانە و نرخی بێکاری لەو پارێزگایەی کوردستاندا سەروو سەتا ٤٥ ڕاگەیەندراوە.

کوژران و بریندار بوونی ٤١ کۆڵبەر لە سێ مانگی بەهاردا

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا ٤١ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لەڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەوەندە کەسە ١٥ کۆڵبەر و کاسبکار کوژراون و ٢٦ کەسیش لەوان بریندار بوون، بوون و دوو کۆڵبەریش بەهۆی تەقینەوەی مین زامدار بوون.

کوژران و بریندار بوونی ٤١ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٦ی هەتاوی) ٣٧ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کوژرابوون و بریندار ببوون و؛ بەوەش دەردەکەوێ کە ئاماری قوربانییانی کوشتاری کۆماری ئیسلامی لە چاو بەهاری ڕابردوو زیادی کردوە.

لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا ڕاپۆرتێکی وردتر دەخرێتە بەرچاو.

■ سەروتار

ڕووحانی داوای یەکگرتوویی لە کێ دەکا؟

کەماڵ کەریمی

قسە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم دواییانەی بەرپرسانی نیزام دەری دەخا کە بەرەبەرە ڕێبەرانی هەرەسەرووی ڕێژیمیش باوەڕیان هێناوە کە بە پێچەوانەی هاتوهاوارەکانیان، گەمارۆدانی وڵاتەکەیان لەلایەن ئەمریکاوە گڵۆڵەی خستوونەتە لێژی. ساڵانێک بوو دروشمی «مردن بۆ ئەمریکا» و «ئەمریکا هیچ غەڵەتێکی پێناکرێ»، بنێشتە خۆشکەی سەر زاری ئیمام و ڕێبەر و ئوممەتەکەیان بوو و ئەمەیان بە هۆکاری یەکیەتیی ئوممەتی ئیسلامی لە قەڵەم دەدا. چەپ و ڕاستی دەسەڵاتدارانی نیزام بۆ خۆبردنەپێش سنگیان بۆ دەکوتا و نەیاندەویست لە ڕیزی وەدواکەوتووانی ئیمام وەپاش کەون. بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک یەکەم دەوری گەمارۆکان لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا کاریگەریی خۆیان لەسەر ئابووریی دەوڵەت و ژیانی ئەوان دەرخست، ڕووحانی هاتە مەیدان و بەو هیوایەی کە بە سێحری کلیلەکەی گەمارۆکانیش کۆتاییان پێدێ، جڵەوی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە کۆماری ئیسلامیدا گرتەدەست. هەرچەند پێشتریش جیاوازیی بیرکردنەوە لەسەر چۆنیەتیی پاراستنی نیزامەکەیان لە نێو دەسەڵاتداراندا هەبوو، بەڵام ئەوکاتە و بەدوای هاتنەسەرکاری ڕووحانی، چۆنیەتیی ڕوانینی جیاواز بەرامبەر ئەمریکا کەلێنی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی ئاشکرا کرد.

یەکەم هەنگاوی ڕووحانی بۆ دەربازکردنی دەسەڵاتەکەیان لە قەیرانێکی چاوەڕوانکراو، قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە بوو کە ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بۆی خوڵقاند و لە درێژەی وتووێژەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵەی وڵاتانی ١+٥ ڕێککەوتنی بەرجامیان ئیمزاکرد. ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی و دوورکەوتنەوە لەو سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییانەی جیهانی پێ تووڕە بوو. ئەوکاتە ئەم سیاسەتەی ڕووحانی کە خامنەیی جارێک دەیگوت باوەڕ بە ئەمریکا ناکرێ و جارێکی دی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی پێ نەرمینواندنی قارەمانانە بوو بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەو هەموو نەهامەتییەی بۆ خەڵکیان دروست کردبوو، بوو بە هۆی ئاشکرابوون و گەورەبوونەوەی کێشەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم. ئوسوولگەراکان کە نەیاندەویست ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بە ناوی دەوڵەتەوە بێ، هێرشی توندیان بۆ سەر ڕووحانی دەست پێکرد و

٢

وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنالْ سۆسیالیست/٢

هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د. قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ/٣

کۆماری ئیسلامی ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی.../٤_٥

کوردستان و شەپۆلەکانی فێمینیزم/٦

«فاتێ ڕەش»ی شێرەژن/٧

پاش ٣٠ ساڵ /٨

قۆناغی کۆتایی ڕکەبەرییەکی دێرین/١٠

کوردستان
• ژمارە ٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

دریژەی:

ڕووحانی داوای یەکگرتوویی لە کێ دەکا؟

هەر کامەیان بە جۆرێک تۆمەتباریان دەکرد. کەسیان قبووڵیان نەبوو کە ئەمە بۆ دەربازکردنی هەموویانە لەو تەنگەژەی کە دەبوو سەریان بخوا و گەڕانەوەی ئەو خێرەوبێرەیە کە سیاسەتی ئۆباما بەهۆی ئازادکردنی پووڵە بلۆککراوەکانیان، بەسەریدا دەرشتن. بە دوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لەلایەن دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەو وڵاتەوە و قورسبوونی باری گرانی سەرشانی دەوڵەتی ڕووحانی و پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، ئەم کێشانەی نێو دەسەڵات گەیشتە ئەوەی کە ماوەیەک لەمەوبەر گوێبیستی واتەواتی وەلانانی ڕووحانی لە دەسەڵات لە زمان پیاوە ناسراوەکانی ئوسوولگەراکانەوە دەبووین. ئەسپاردنی دەوڵەت بە فەرماندەیەکی نیزامی کە ئەویش دەبوو سەرداریکی سپای پاسداران بێ، پێشنیاری کەسێکی نزیکی خامنەیی بوو. لەم بگرەوبەردەدا و لەوپەڕی شەڕەقسەیاندا کتوپڕ ڕووحانی هاتە قسە و بە پێچەوانەی هەڕەشەکانی پێشووی لە دژبەرەکانی نێو دەسەڵاتی، قسەی گۆڕی و باس لەوە دەکا کە «ئامادەین لەگەڵ هەر ئەو کەسانەی کە ساڵانێکە فشارمان بۆ دێنن قسە بکەین و ئەگەر نییەتی باشیان هەبێ لەگەڵیان ڕێککەوین» یان دەڵێ؛ «لە بەرامبەر هەموو جیناحەکاندا، هەموو ئەوانەی کە تا ئەمڕۆ خراپترین تۆمەتیان لە دەوڵەت داوە چۆک دادەدەم و دەستیان ماچ دەکەم.» ئەو لێرەدا ڕووی قسەکانی لەو کەس و لایەنانەیە کە سەر بە لایەنەکانی ئوسوولگەران و پێشتر ڕووحانییان بە سازان لەگەڵ ئەمریکا تاوانبار دەکرد. ئەو داوایان لێدەکا کێشە نێوخۆییەکانیان وەلا بنێن و هەموو بە یەکەوە ڕووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە.

ئەم هەڵوێستەی ڕووحانی بە ئاشکرا وەزعی ئیستای ئێران و ڕیزبەندییەکانی نێو دەسەڵات و خەڵک لەم وڵاتەدا دەردەخا. لەم وتە بەنرخانەی! ڕووحانیدا دەبینین کە لە هیچ شوێنێکی قسەکانیدا ڕووی لە خەڵک و تەنانەت ئەوانەی کە بە ئومێدی کاریگەریی کلیلە سێحراوییەکەی دەنگیان پێدا و لە چاوەڕوانیی جێبەجێبوونی بەرنامە ڕاگەیەندراوەکەی کاتی هەڵبژاردنی لە کاتی سەرۆککۆماریدا پشتیان گرت، نییە. ئەو ئیستا بە باشی دەزانێ کە خەڵکی ئێران بە گشتی ڕیزی خۆیان لە نیزام و دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی جیا کردوەتەوە. هاتنە سەر شەقامی ڕۆژانەی خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەردەوامیان لە درێژەی ماوەی دەسەڵاتداریدا ئەو پەیامەی بە ڕووحانی داوە کە لەوە زیاتر ناتوانێ بە دروشمی بریقەدار و درۆزنانە فریویان بدا و لەولاشەوە سفرەی هاوبەشی لەگەڵ جیناحە نەیارەکانی لە نێو بازنەی دەسەڵاتداری نیزامدا، پان بکاتەوە. ئەو هەروەک لەکاتی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵک بۆ گەیشتن بە کورسیی سەرۆککۆماری قسەی لە مافی شارۆمەندی و بەشدارکردنی خەڵک لە بەڕێوەبەریی وڵات و کورتکردنەوەی ئەو دەستانەی نانی خەڵک بە تاڵان دەبەن دەکرد، دەبوو لە بیری بوایە کە تەنیا هێزێک کە دەیتوانی ئەو و دەسەڵاتەکەی بپارێزێ هەر ئەو خەڵکەیە کە دەبوو وەک مرۆڤێک کە مافی ژیانێکی شەرافەتمەندانەی لە وڵاتەکەی خۆیدا هەبێ هەستی بە پشتیوانی و دابینکردنی مافەکانی بکردایە.

ئەو خەڵکە لەمێژ بوو دژی سەرکوتکارییەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکان، پێشێلکارییەکانی دامودەزگای دادوەری، بێبەشبوونیان لە مافە سەرەتاییەکانیان وەک ئازادییە تاک و بە کۆمەڵەکانیان، گەندەڵی و دزینی ماڵ و سامانیان لە لایەن دەزگا حکوومەتییەکان و بەرپرسان و فەرماندەرانی سپاوە دەنگی هەڵبڕیبوو. بەڵام ئیستا کە دەزانن هەموو کەسایەتی و جیناحەکانی ڕێژیم لەم بێبەشکردنەی خەڵکیدا یەکدەست و یەک کاسەن، هەموویان یەکدەنگ و یەکڕیز لە دژی نیزام ڕاپەڕیون.

ئاکامی ئەم سیاسەتەی ڕووحانی کە بە جۆرێک هەمان سیاسەتی هاوشێوەکانی پێشووی بوو وای کرد کە ئیتر ڕیزبەندییەکان لە ئێراندا بە تەواوی گۆڕانکاریی بەسەردا بێ. پێشتر گەمەی جیناحە جیاکانی نێو دەسەڵات ئەو بەشە لە خەڵکیان کە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بوون لە نێو دەسەڵاتدا، بەسەر دوولایەندا دابەش کردبوو. بەڵام سیاسەتە گشتییەکانی ڕێژیم و گوێنەدانی دەسەڵاتداران بە داخوازی بەردەوامی خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان، ئێرانی گەیاندوەتە جێگەیەکی هەستیار لە گۆڕانکارییەکی قووڵتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا. ئیستا ئیتر ڕووحانی دەزانی ناتوانێ بۆ پشتگیری ڕوو لە خەڵک بکا. بۆیە بە شەرمسارییەوە ڕوو لە دژبەرەکانی لە نێو ڕێژیمدا، «ئەوانەی کە تا ئەمڕۆ خراپترین تۆمەتیان لە دەوڵەت داوە» دەکا و لە بەرامبەریاندا چۆک دادەدا و دەستیان ماچ دەکا. داوایەک کە تازە هیچ دادێکی نادا.

وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شووڕای ئینترناسیونالی سۆسیالیستدا

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز جەنابی سەرۆک!
بەڕێز جەنابی سکرتێر!
ئەندامانی بەڕێزی دەستەی سەرۆکایەتی!
بەشدارانی هێژای کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال– سوسیالیست!

لەگەڵ سڵاو، زۆر خۆشحاڵم کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە کۆبوونەوەی شووڕای سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنالدا بەشدارم و سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە کە پێم دراوە تا دیمەنێک لە ژیانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانتان بخەمە بەر چاو.

بەڕێزان!

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و ڕەفتاری نابەرپرسانە و ئاژاوەگێڕانەی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بۆ هەمووی ئێوە و بۆ تێکڕای کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان لەوە ناسراوترە کە پێویست بێ ئەمن لەم کورتە دەرفەتەدا بۆتانی باس بکەم. بەڵام بۆ گەلانی ئێران جێگای داخە کە ئەوکاتەی لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا قسە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دێتە گۆڕێ پێداگرتن هەر لەسەر باسی تیرۆریزم و بۆ دەرەوەناردنی شۆڕش و دەرچوونی ئەو ڕێژیمە لە قەرارداد و پەیمانە نێونەتەوەییەکانە و بە دەگمەن نەبێ ئاوڕ لە سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتی ئازادیخوازان و پێشێلکردنی دێموکراسی و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان نادرێتەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەگەرچی هەمووی ئەو ملهوڕی و قانوونشکێنییانەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ هەموو ئێرانییەکان گرنگن، بەڵام ئەوە باسی نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و پێشێلکردنی مافەکان و باری نالەباری ئابووری و گوزەرانی بنەماڵە ئێرانییەکانە کە دەتوانێ کۆمەڵانی خەڵک بجووڵێنێ و بیانکێشێتە مەیدانی ململانەیەکی جیددی و چارەنووسساز دەگەڵ ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سەرەڕۆیە.

دۆستانی بەڕێز!

وەک هەمووی ئێوە دەزانن ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەوێدا لانیکەم شەش نەتەوەی جۆراوجۆر دەژین کە تائێستا کەسایەتیی نەتەوەییان بەڕەسمی نەناسراوە، لە مافی سەرەتایی خوێندن بەزمانی زگماکی بێبەشن و داوای چووکترین مافەکانیان بە ڕاونان و گرتن و تەنانەت کوشتن و بێسەروشوێنکردن دەدرێتەوە. وەزعی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێران پێم وایە لە هیچکام لە ئێوە بەڕێزان شاراوە نیە، گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و کوشتنی ئازادیخوازان و جودابیران و نەبوونی ئازادیی بیروڕاش کە بەجێی خۆی. ئەمن لێرەدا دەمەوێ تەنیا یەک مەسەلە بخەمە بەر نەزەری ئێوەی هێژا. ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر لە زوربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا پشتگوێخستنی قانوون دەبێتە مایەی پێشێلکرانی مافەکانی هاونیشتمانان، لە ئێرانی ئیسلامی لە زۆر حاڵەتدا بەڕێوەبردنی قانوون و تەنانەت قانوونی بنەڕەتییش مایەی بێبەشی و ڕۆژڕەشیی بەشێک لە جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەیە. چونکە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ژنان و لاوان و ڕۆڵەکانی گەلانی غەیرەفارس و پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر بەشێکی زۆری مافە ئینسانییەکانیان لێ زەوت کراوە.

ئەگەرچی لە ئاکامی سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتدا جگە لە دەیان هەزار زیندانی و ئیعدامی، نیزیک بە پێنج ملیۆن ئێرانی ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن. بەڵام بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتانە خەڵکی ئێرانی پێ ڕام نەکراوە و بەربەرەکانی لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە. ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی هەشتەمین دەورەی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩دا و ڕاپەڕینی پڕشکۆی چەند مانگ لەمەوبەری شارە گەورەکانی ئێران نموونەی دەیان حاڵەتی بەگژداچوونەوە و بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک دەگەڵ دەسەڵاتی زاڵمانەی حکوومەتی ئیسلامین.

خۆ ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە سەر کوردستان کە لەوێدا زوڵموزۆری کۆماری ئیسلامی هەمیشە بەربڵاوتر بووە، دەبینین کە کەمتر مانگ و ساڵێکی تەمەنی ڕێژیمی ئاخوندی هەیە لە یەک یان چەند شار و ناوچەی کوردستاندا شاهیدی بەربەرەکانیی شکۆمەندانەی خەڵکی ئەم دەڤەرە بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەبووبین.

سەرۆکی هێژا، هاوڕێیانی خۆشەویست!

بەئیمان بەو بایەخانە کە ڕێکخراوی جیهانیی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال لەسەریان دامەزراوە و بۆ وەدیهێنانیان تێدەکۆشێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشڕەوی خەباتی مافخوازانەی کوردانی ئێران زۆر لەکۆنەوە هەوڵی دۆستایەتی و نیزیکی و بەئەندامبوونی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەی داوە، ڕێبەری شەهیدی ئێمە دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو یەکەمین ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوو کە پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ڕێگای کەوتە کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال.

بەخۆشییەوە ئێستا ژمارەیەکی زۆرتر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە ئەندامی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالن و پێوەندییەکی پتەو لە نێوان بزووتنەوەی کورد و ئەو ڕێکخراوەدا بەرقەرارە. بەوحاڵە پێم خۆشە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە پێوەندیی ئێمە و SI نەمامێکە کە بە خوێنی دوو ڕێبەری گەورەمان شەهیدان د. عبدالرحمان قاسملو و د. صادق شرفکندی ئاو دراوە کە هەردووکیان بەدوای بەشداری لە کۆنگرەکانی SIدا بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران. د. قاسملوو ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن و د. شەرەفکەندی سێپتامری١٩٩٢ لە بێرلین.

لەبەر هەمووی ئەمانە ئێمە هیوادارین سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال وەک هەمیشە لە پشتی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ڕاوەستێ و چاوەڕوانین هەر ئەم کۆبوونەوەیەمان بە بڕیارنامەیەکی ڕوون و بەهێز پشتیوانی لە داخوازە بەرهەقەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بکا و بەتایبەتی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و ڕەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە مەحکووم بکا.

هاوڕێیانی خۆشەویست! زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان و بە ئاواتی سەرکەوتنی کۆبوونەوەکەمان.

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٦ی جونی ٢٠١٨ ژێنێڤ

بیرهێنانەوەی تێڕۆری د.قاسلموو لە ڤییەن لە زمان ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاوە

برایان هووک، یەکێک لە ڕاوێژکاران و بەرپرسی بەرنامەڕێژیی سیاسیی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا هاوکات لەگەڵ سەردانی حەسەن ڕووحانی لە وڵاتانی ئورووپایی، تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی وەبیر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هێناوە. برایان هووک ڕۆژی دووشەممە ١١ی پووشپەڕ بە باسکردن لە خولی نوێ گەمارۆکەکانی ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند؛ لە ١٣ ی گەلاوێژەوە گەمارۆکان بۆسەر ئێران توندتر دەبن و، لە قوناخێکی دیکەدا هەناردەکردنی نەوتی ئێران بەتەواوی دەوەستێندرێ. برایان هووک پلاندانەر و بەرپرسی سیاسەتگوزاریی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئاماژەدان بە سەردانی حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی گوتی: پێم سەیرە کە سەرۆککۆماری ئێران بڕیارە سەردانی ڤییەن بکا، لە کاتێکدا ئەمساڵ ٢٩ ساڵ، بەسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو یەکێک لە ڕێبەرانی کورد و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات بە دەستی تیرۆریستە بەناو دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە ڕادەبرێ، تێرۆرێک کە ڕێژیمی ئێران کردی و تا ئێستا دانی بەو تاوانە دانەناوە. برایان هووک لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی تەمەنی خۆیدا، پێشینەیەکی تاڵی لە توندوتیژی و ڕمبازێن لە وڵاتانی ئورووپاییدا هەیە و پێویستە وڵاتانی ئورووپایی بیر لەوە بکەنەوە کە لەگەڵ چ ڕێژیم و دەوڵەتێکدا هەڵسوکەوت دەکەن. هاوکات لەگەڵ گوشارەکانی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ بۆ سەر ڕێژیمی ئیران، حەسەن ڕووحانی لە هەوڵ دایە کە وڵاتانی ئورووپایی ڕازی بکا کە لە بەرجام نەکشێنەوە و پێوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ وڵاتەکەی نەپچڕێنن. سەردانی حەسەن روحانی لە سویس و، دواتر بۆ ئۆتریش لە کاتێک دایە کە ئامریکا بەڕاشکاوی وڵاتانی ئورووپایی ئاگادار کردووتەوە کە ئەگەر درێژە بە پێوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران بدەن، گەمارۆکانی ئامریکا کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە.

کوردستان
• ژمارە:٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د.قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ



عومەر باڵەکی

ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میللەتی کورد وەجاغی کوێر نییە، بەڵام هەتا ئیستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕێکی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم...

ـ ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە: ئەمن لەو لێکۆڵینەوەی کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە لەنێو هەموو ئەوانەی بە دەستی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراون و کوژراون، کەسێک کە دەیتوانی بێگومان ڕێبەرێکی نیشتمانی بۆ هەموو ئێران بێ، مسۆگەر عەبدوڕەحمان قاسملوو بوو...

***



ڕێژیم لە مەیدانی شەری نیزامیدا بۆی دەرکەوتبوو کە ناتوانن بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە _کە خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە گونجاندووە و پێکهاتەی تەواو پارتیزانی بە خۆیەوە گرتووە_ ببنەوە و لە کوردستانی وەدەرنێن؛ هەر بۆیە دەبوا بەدوای چارەسەرێکی دیکەدا بن کە ئەویش وتوویژ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەخسی د.قاسملوو بوو. لەو وتوویژانە یان حیزبی دێموکراتیان ناچار بە سازان دەکرد، یان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسا لە سەری حیزبی دێموکرات بدەن.

کەسایەتی، زانایی و ئاستی بەرزی سیاسیی د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێگەیەکی قورسی دابوو بە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستان و ئێران و دنیای دەرەوەش. هەر ئەوەش بوو کە دوژمن بە هەستکردن بەو پێگەیە هەوڵی دا ئەو دژبەرە سەرسەخت و کاریزمایە لەسەر ڕێگەی لابدا و بە پیلانێکی تێرۆریستیش توانی بەو ئامانجەی بگا. ٢٩ساڵ لەمەوبەر، ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئییەی ١٩٨٨) لە شاری ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش دەستی ڕەشی تێرۆر لە بەرگی دیپلۆمات و لەسەر مێزی وتوویژ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێراندا گەیشتە د. قاسملوو، ڕێبەری کاریزمای کورد و حیزبی دێموکرات. کۆماری ئیسلامی هیچ تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ تێرۆری ڤییەن کە کوژرانی عەبدوڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و فازیل ڕەسوول لە دۆستانی حیزبی لێ کەوتەوە، نەدا. لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی ڕوون و تەواو بە دەست پۆلیسەوە هەبوو کە دەری دەخست بکوژەکان کێن و لە کوێن، تیرۆریستەکان لەژێر چاوەدێریی هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەتی ئوتریش بەڕێی ئێران کرانەوە و خوێنی بە ناحەقڕژاوی قاسملووی نەمر و هاوڕێیانی کرا بە بەهای خێروبێری ساتوسەودای بازرگانیی ئێران لەگەڵ ئوتریش. پەروەندەی تێرۆری ڤییەن سەرەڕای دەنگدانەوەی زۆری لەو وڵاتە و دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری مێکونووس و هەوڵەکان بۆ هاتنەوە بەرباسی ئەم ڕووداوە لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئوتریشدا، هەتا ئێستاش بەستراوە و بێ ئەنجامە، هەڵبەت بۆ کورد و حیزبی دێموکرات ئەو پەروەندەیە هەمیشە بەکراوەیی دەمێنی هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی دادپەروەردا فەرماندەر و بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بریاری شیاوی خۆیان لەسەر دەدرێ.

د.قاسملوو بۆچی بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ چوو؟

بەپێی هەموو ئەو نووسینانەی لەبەردەست دان و ئەو زانیارییانەی لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو هەن، قاسملوو کەسێکی کەمتەرخەم نەبووە کە بەئاسانی بکەوێتە داوی دوژمن. بەتایبەت کە باش دەیزانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی داوە؛ بەڵام بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچە و ئەم گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا هاتبوونە پێش، دەتوانین لێکی بدەینەوە کە د. قاسملوو لەبەرچی پەلکێشی ئەو دانوستانە تراژیدیکە کراوە.

ـ شەری هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە بەرەکانی شەڕدا ڕاگیرابوون و دوو لایەن بە نێوبژیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان کەوتبونە دانوستان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە. ئێران و عێراق بەتەمابوون دوای گەیشتن بە قۆناغی ئاشتی (ڕێکەوتننامەی الجزایر ١٩٧٥)ی نێوانیان جێبەجێ بکەن. ئەو ڕێککەوتنە باس لەوە دەکا لەسەر سنووری فەرمیی هەر دوو لا بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمیتر دەبێ چۆل بکرێ و ئاسەواری ژیانی لێ نەمێنێ و ببێتە ناوچەیەکی قەدەخەکراو و کەس بۆی نەبێ تێیدا بژی. ڕێژیمی سەدام و لایەنی عێراق یەکلایەنە ماوەی چەند ساڵێک دەبوو کەوتبووە جێبەجێکردنی ئەو ئۆپەراسیونە و بە تایبەت لە ساڵانی ١٣٦٧_١٣٦٨دا بە تەواوەتی نێوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری لە باشوری کوردستان پیادە کرد و سیاسەتی زەویی سووتاویان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. د.قاسملوو لە نیزیکەوە دەیدی حوکمەتی عێراق چی دەکا و لەوەش نیگەران بوو کە حوکمەتی کۆماری ئیسلامیش لە دوای شەر هەناسەیەکی بێتەوە بەر و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان سیاسەت بگرێتە بەر.

ـ د. قاسملوو دەیهەویست پێش ئەوەی بەغدا و تاران لێک نیزیک ببنەوە و ڕێکبکەون، کوردی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی گەیشتبێتە سازانێک، چونکە پێی وابوو دوای ئەو ئەمە کورد هیچی دەست ناکەوێ و چیی پێ نابڕێ.

ـ ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراقدا شەکەت ببوو و قەیرانە نێوخۆییەکانیش برستیان لێ بریبوو. لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەرنامەی تێپەڕین لەو قۆناغەیان هەیە. ڕەفسەنجانی وای دەنواند کە بەرنامەی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ دژبەرانیشی هەیە. وابوو کە پێشنیاریی دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان حوکمەت و حیزبی دێموکرات (د. قاسملوو) هاتە گۆڕێ و بەرنامەی بۆ داندرا.

ـ لەو سەروبەندەدا خومەینی نەخۆشە و ململانێی نێوان قۆڵە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەسەر دەسەڵات بەرەو ئاقاری توندوتیژی دەچوو. ئایەتوڵڵا سەید حەسەن تەباتەبایی کە یەکێک لە مەرجەعە تەقلیدەکانی شیعە بوو، ڕەخنەی توندی لە سیاسەتەکانی حوکمەت هەبوو و دڕێژەدانی شەر لە دژی عێراق و سیاسەتی سەرکوتی خەڵکانی ناڕازیی ئێرانی مەحکووم کردبوو. ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆ زیاتر دەبوون و ئەمەش ڕێبەرانی ڕێژیمی نیگەران کردبوو و دەیانەویست ئیبتکاری عەمەل لە هێزە کاریگەرەکان بستێنن. چەند مانگێک بوو حکومەت مێهدی هاشمی، یەکێک لە فەرمانده باڵاکانی سپای پاسداران و خزمی نیزیکی ئایەتوڵڵا مونتەزیریی بە تاوانی وەرێخستنی شەر دژی ئیسلام ئیعدام کردبوو، ئەوەش زیاتر ئاوری دووبەرەکیی نێو دەسەڵات لە تارانی خۆش کردبوو.

ـ ئەو ڕووداوانەی نێو دەزگای حاکمییەتی ئێران ئەو تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست کردبوو کە لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا دوو گرووپ هەن، گرووپێکی لیبراڵ و گرووپێکی توندئاژۆ. هەر بۆیە هەوڵیان دەدا پشتی ڕەفسنجانی بگرن کە وای دەنواند لایەنگری کرانەوە و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە و تەنانەت دژبەرانێتی. بەتایبەت کە ئێرانی وێرانی دوای شەڕ پێویستیی بە سەدان میلیارد دۆلار سەرمایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە شەڕلێدراوەکان و بووژاندنەوەی ئابووریی تێک تەپیوی وڵات هەبوو، و هەموو ئەوانە زەروورەتی ئاشتەوایی هەمەلایەنەی دەهێنایە پێش چاو.

ـ لە مارسی ١٩٨٨ (ڕەشەممەی ١٣٦٦ی هەتاوی) شاری هەڵەبجە بە بۆمبی شیمیایی هێرشی کرایەسەر. د. قاسملوو ئەو بۆمبارانەی مەحکوم کرد، ئەوە ساردیی خستە نێو پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات و حوکمەتی عیراق و حیزبی دیموکرات لەوە نیگەران بوو کە بکەوێتە نێو بەرداشی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق.

ـ دۆخی داسەپاوی نوێ بەسەر شوێنی مانەوە و شێوەی چالاکیی هێزی پێشمەرگە و داهاتووی پڕ ئەگەر و ئەممای ئەم هەلومەرجە دوکتور قاسملووی هێنابووە سەر ئەو قەناعەتە کە هەم ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ببینێتەوە و هەم وزەی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات لەسەر پێ ڕابگرێ.

ـ لە دەوری دووهەمی وتوویژەکان لە ساڵی ١٩٨٩ (جۆزردانی ١٣٦٨) خومەینی مرد و بەپێی هەموو پێوانەیەک مەنتیقی دەهاتە بەرچاو کە ڕەفسنجانی لە پۆستی سەرکۆماریدا (و لە حاڵێکدا کە نازناوی «سەرداری سازندەگیی» درابوویە) ئامادەیی پتری هەبێ بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان بە تایبەتی پرسی کورد لەم وڵاتە. ئەمانە و ڕەنگە زۆر هۆکاری دیکەی ئاشکراو شاراوە بووبن بۆ ئەوەی د. قاسملوویان بەرەو ئەو وتوویژەی پاڵ پێوە نابێ و لە هەموو ئەوانە گرێنگتر باوەری بنەمایی د.قاسملوو بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد فاکتەرێکی دیکەیە کە وەک دیمان لە پێناو ئەو باوەرەدا گیانی خۆی دانا. لە یەک رستەدا دەتوانین بڵێین مەنتیق و چەکی سەرەکی و دڵخوازی د.قاسملوو لە ڕاستیدا وتوویژ و دانوستان لەگەڵ نەیارانی و پابەندبوون بە ئوسووڵەکانی دێموکراسی بوو.

پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە داوخستنی د.قاسملوو

کۆماری ئیسلامی ماوەی ١٠ساڵ بوو هەناسەی ئاسوودەیی لە کوردستان نەدابوو. پێگە و هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان و تەنانەت ئێراندا کۆماری ئیسلامیی هەراسان کردبوو، بەتایبەت کە زەبری قورسی گیانی و ماڵیشی لە سۆنگەی شەڕی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە وێ کەوتبوو و دەیویست دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ ئێران عێراق خۆی لەگەڵ کێشەی دژە شۆڕشیش! یەک لا بکاتەوە. ڕێژیم لە مەیدانی شەری نیزامیدا بۆی دەرکەوتبوو کە ناتوانن بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە _کە خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە گونجاندووە و پێکهاتەی تەواو پارتیزانی بە خۆیەوە گرتووە_ ببنەوە و لە کوردستانی وەدەرنێن؛ هەر بۆیە دەبوا بەدوای چارەسەرێکی دیکەدا بن کە ئەویش وتوویژ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەخسی د.قاسملوو بوو. لەو وتوویژانە یان حیزبی دێموکراتیان ناچار بە سازان دەکرد، یان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسا لە سەری حیزبی دێموکرات بدەن. ڕفسنجانی بە هێنانی دوکتور قاسملوو بۆ سەر مێزی وتوویژ_ بەدوای دوو ئامانجەوە بوو کە هەر دووکیان لاوازکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ دەکەوتنەوە. یەکەمیان ڕاکێشانی حیزبی دیموکرات بۆ گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆی وڵات وەک حیزبێکی سیاسیی ڕێگەپێدراو بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە چەکداماڵین لە هێزی پێشمەرگە بەدوودا دەهات؛ لە قۆناغی دووهەمدا ئەگەر د.قاسملوو ملی بۆ ئەو داوا و پێشنیارە نەدابا، لە هەلی مومکیندا بیکوژن و حیزبی دێموکرات بێ سەر بکەن. بۆ جێبەجێبوونی ئەو پیلانە لە پێشدا دەبوا متمانەی د.قاسملوو وەدەست بێنن و هەتا ئەو جیگایە بچنە پێش کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشنیاریان بە د.قاسملوو کرد کە پێویستە هەر بە تەنیا تۆ ببینین، د.قاسملوو باوەریان پێ بکا و بەپێی خۆی بچێتە قەتڵگە و بەداخەوە پیلانەکەشیان سەری گرت.

درێژەی هەیە...

بڕیارنامەی شووڕای ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد*

شووڕای ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ڕێژیمی ئێران بە ئاسانی لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە کردەوەکانی خۆی ڕا دەکا، چونکە دەزانێ کە بەرنامە ناوکییەکەی مەسەلەکانی دیکە بۆ وێنە هاوپەیوەندی و مافەکانی مرۆڤ پەراوێز دەخا. ئێمە چاوەڕوانیمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە ڕێگر بێ لە بەهێزتربوونی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆن. ئێستا خەڵکی ئێران گەیشتوونە نوختەیەک کە چیدیکە ناتوانن هەژاری، هەڵاوسانی نرخەکان و گەندەڵی تەحەممول بکەن و ڕژاونە سەر شەقامەکان و داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەن کە لە جیاتی دەستێوەردان لە سوورییە، لوبنان، عێراق و یەمەن و پشتیوانیی ئابووری لەوان، سەرنج بداتە خەڵکی ئیران و بە خەڵکی خۆی ڕابگا. ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد و خەباتەکەیان بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی دەکا. لە کوردستانی عێراق، ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست پشتیوانی لە جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتیی عێراق و چارەسەرکردنی سەرجەم پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئاشتییانە دەکا. ئێمە داوا لە حیزبە سیاسییەکانی عێراق و دەوڵەتی داهاتووی فێدراڵ دەکەین کە ڕێککەوتنی ئەوتۆ ئەنجام بدەن کە ڕەنگدانەوەی بەشداریی ڕاستەقینەی کوردەکان لە دەوڵەتی نوێدا لەسەر بنەمای هاوبەشی، هاوڕایی و هاوسەنگی بێ. ئێمە داوا لە هەردوو دەوڵەت لە بەغدا و هەولێر دەکەین کە بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان سەقامگیر بکەن و ڕێگا بە بەڕێوەبەرایەتیی هاوبەش بدەن تا پێش بە داعش و تاقمی هاوشێوە بگیرێ و ڕێگە نەدرێ لە گرژییەکانی دوای ڕێفراندۆم لەم ناوچانە بە قازانجی خۆیان کەڵکی خراپ وەرگرن و پارێزگاریی لە مافەکانی گەلی کورد و کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکانی ئەم ناوچانە بکەن. ئێمە پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە) دەکەین کە لەم دواییانەدا دەنگی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە بۆخۆی مسۆگەر کرد. ئێمە داوای ئازادکردنی دەستبەجێی سەرۆکی هەدەپە، سەلاحەددین دەمیرتاش و سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان کە لە زیندانەکانی تورکیەدا دەستبەسەر کراون، دەکەین. دەوڵەتی تورکیە دەبێ ڕێگا بدا کە وتوویژی سیاسی سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد. لە سوورییە، ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست پشتیوانی لە ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانە بۆ گەلی کورد دەکا، بە شێوەیەک کە یەکگرتوویی و سەربەخۆیی سوورییە لە چوارچێوەی دەوڵەتداریی ناناوەندگەرا، بە پێی مۆدێلی فێدێرالیزمی دێموکراتیک دەستەبەر بکا. لە پێوەندی لەگەڵ عەفرین‌دا، ئێمە پشتیوانی لە گەڕانەوەی ئەمین، سەقامگیر و ڕێزدارانەی خەڵکی عەفرین، لەژێر چاودێریی نێونەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی تورکیە لەناوچەکە دەکەین. هاوتەریب لەگەڵ هۆگریی ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست بۆ پرسی گەلی کورد، شووڕا بڕیاری داسەرلەنوێ کۆمیتەی پرسی گەلی کورد لە نێو ئینتەرناسیۆنال سوسیالیستدا کارا بکاتەوە.

* ئەم بڕیارنامەیە لە کۆبوونەوەی شووڕادا کە لە شاری ژێنێڤ بەڕێوەچوو، ڕاگەیەندرا. لەو کۆبوونەوەیەدا شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و هاوڕێیەتیی مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینترناسیونال سۆسیالیست و چەند کەسی دی لە بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

کۆبوونەوەی حەوتەمی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ڕۆژی دووشەممە ١١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا لۆگۆی پێشنیارکراوی ناوەند پەسەند کرا و خاڵێکی دیکەی دەستوری کاری حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری، باسێک بوو لەسەر پێکهێنانی ناوەند یان وتەبێژ یان نوێنەرایەتییەک لەئاستی باڵا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن ناوەندەوە ئەرکدار بکرێ و لەئەگەری ڕەزامەندی لایەنەکان پلاتفۆرمێکی بۆ بنوسرێ و میکانیزمی کارەکەی دیاری بکرێ.

کوردستان
ژمارە ٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

سمینارێکی تایبەتیی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢ی پووشپەڕ سیمینارێکی هاوبەشی بۆ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور مەنسوور سۆهرابی، کارناسی ژینگە پێک هێنا. لە پەنێلی یەکەمی سمینارەکەدا قادر وریا، باسێکی لەژێر ناوی "هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ئەرکی هێزە سیاسییەکان" پێشکێش کرد. باسەکەی دوکتور مەنسوور سۆهرابیش بریتی بوو لە "بارودۆخی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە حاکمییەتی کۆمای ئیسلامی ئێراندا." قادر وریا لە باسەکەیدا وێڕای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بارودخی سیاسیی ئێران و کوردستان لە ئێستادا، ئاماژەی بە ڕۆڵی کاریگەری یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و داوای لەهەموو لایەنەکان کرد کە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی هەموو هەوڵێکیان وەگەڕ بخەن. دکتور مەنسوور سۆهرابی، کۆڕگێڕی دیکەی سمینارەکەش باسی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ژینگەی کوردستان کرد و تیشکی خستەسەر ئەو خەسارگەلەی کە لەڕێی سیاسەتەکان کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەر ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کەوتووە.

بەشداریی شاندێکی حیزب لە ساڵیادی دامەزرانی حیزبی شیوعیی کوردستاندا

ڕۆژی شەممە، ٩ی پوشپەر لەسەر بانگهێشتی حیزبی شیوعیی کوردستان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبەدا بەشدار بوون. لە پەراوێزی ئەم ڕێوڕەسمەدا کە هاوکات بۆ یاد و بیروەریی مامۆستا عەزیز محەممەد، کەسایەتیی سیاسی و نیشتمانپەروەری کورد و سکرتێری پێشووی ئەم حیزبە تەرخان کرابوو، شاندی حیزب توانی چاویان بە کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و حیزبی و حکومیی هەرێمی کوردستان بکەوێ. لە بەشێک لە پەیامی دەفتەری سیاسی بەو بۆنەیەدا هاتبوو کە بە داخەوە لە هەلومەرجی ئێستای هەرێمی کوردستاندا وەزعی خراپی ئابووری بەهۆی فشاری سیاسی و ئابووریی حکومەتی ناوەندی؛ ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناخۆشتر کردوە و نایەکڕیزی و ناتەبایی حیزبەکانیش خەڵکی کوردستانی نیگەران کردوە؛ بۆیە لەسەر حیزبی شیوعی کوردستانە بە پێی ئەو مێژوویە لە خەبات و تێکۆشان کە هەیەتی شوێندانەر بێ بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ نەهێشتنی کێشە و ئاریشەکان لەسەر ئاستی ناوچە و عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

بەشداری هەیئەتی حیزب لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بریتانیا

ڕۆژی دووشەممە، ١١ی پووشپەڕ لەسەر بانگێشتی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە دوکتور سەعید شەمس و مەولوود سوارە لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان کە لە پارلەمانی بریتانیا ڕێکخرابوو، بەشداریان کرد. هەیئەتی حیزب لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە پارلمانتاران و نوێنەری حیزب و لایەنەکان وەک ئالستەر بێرد، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی نێوەراست؛ جاک لۆپریستی، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەرپرسی گروپی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ داکۆکی لە کێشەی کورد؛ نەزار میرجان محەممەد، جێگری باڵوێزی عێراق لە لەندەن؛ نەدیم زەهاوی وەزیری خوێندن دیداریان کرد و باس و خواستێکی تێروتەسەل لەگەڵ بەشێک لە ئەندامی پارلمان و لۆرد و وەزیرە دۆستەکانی گەلی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا کرا.

عەلی بداغی:

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ

دیمانە: شەونم هەمزەیی

[کورد لە ئێران بە نەتەوەیەکی مافخواز دەناسرێ، هەر ئەو مافخوازبوونە و سووربوون لە خەبات دەرخەری ئەوەیە کە مافەکانی بەبەردەوامی پێشێل کراون و نەهاتوونەتە دی. کورد وەک پێکهاتەیەک لە ئێران لە چاخی نوێشدا پتر لە دەیان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی خەبات دەکا، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو مافانە بەهۆی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی حوکمەتە دیکتاتۆرەکان وەدی نەهاتوون و پێخوست کراون؛ بەڵام پێ بەپێی ئەوەش خەڵکی کورد کۆڵی نەداوە و ڕازی بەو قەدەرە نەبووە و لەسەر خەباتی مافخوازیی خۆی بەردەوام بووە. پرسی مافی مرۆڤ و سیاسەتکردن لەسەر ئەو بابەتە بۆ گرینگە؟ حیزبەکان چۆن لەسەر ئەو بابەتە سیاسەت دەەن؟ دواییەن هەڵسەنگاندنەکان بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان چین. «کوردستان» ئەو بابەتەی لەگەڵ عەلی بداغی، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کردوە:]

با بە پێناسەیەکی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێبکەین. ئەو ناوەندە کەی دامەزراوە و کارەکانی چین؟

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراوەیەکی تایبەت بە چالاکی لە بەستێنی مافی مرۆڤە کە لەلایەن کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبرێ.

ئەو دامەزراوەیە بە سەرنجدان بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران هەوڵ دەدا تریبوونی لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەروەها سەکۆی فێرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی کلتووری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، هەڵوێست لە بەرامبەر ڕووداوەکان، دانەوەی ڕاپۆرت بە ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئۆرگانە نێونەتەوەییەکان، بڵاوکردنەوەی وتار، وتوێژ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی چالاکان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، منداڵان، ژنان، کرێکاران و هتد بەشێکی دیکە لە چالاکی و پڕۆژە کارییەکانی ئێمە پێک دێنن.

ئێوە کادرێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتن و بەو پێیە ئەو ناوەندە دەبێ لە حیزبی دێموکرات نیزیک بێ. حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە پرسی مافی مرۆڤ و چۆنی سیاسەت لەسەر دەکا؟

ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە پارامێترەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوری کاریگەر دەبینێ و تەنانەت دەبینین کە لە هەندێ حاڵەتدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشی بۆ دەخالەتی ئینسانی هان داوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا بە شێوەی سیستماتیک مافی خەڵکی ئێران و بە تایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کوردی پێشێل کردوە و ئەو پێشێلکردنانە لە هەموو بوارە و بەستینە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری و ئایینیدا بەرهەست و زەق و بەرچاون.

لە لایەکی دیکەوە لەمێژ ساڵە کە گوتار و یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە کێشەکانی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا لە خانەی سیاسەتی دەرەکی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و قەیران خولقێنیەکانی لە ناوچەدا قەتیس نەکەنەوە، چونکە گرینگتر لەو بابەتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە بە شێوەی ڕەها و سیستماتیک و دوور لە ڕەخنەی جیدیی کۆمەڵگای جیهانی پیادە دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەموو ئەو هەل و تریبوون و دەرفەتانەی دەستی دەکەوێ، بۆ لەقاودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران هەوڵی داوە. دامەزراندنی «ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان»یش بۆ ئەو ئامانجە بووە هەتا بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەبەرنامە بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشانی هەبێ.

ئێوە چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕاپۆرتی وەرزی بەهاری ناوەندەکەتان بڵاوکردەوە کە دێکۆمینێتێک بوو لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا. دەکرێ هەندێ وردەکاریی ئەو ڕاپۆرت و دێکۆمینتەمان بۆ باس بکەن؟

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستماتیکە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مافی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان، چ مافە کولتوورییەکانیان، چ مافە نەتەوەیی و چ مافە ژینگەیی و زمانی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل دەکرێ. ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک، بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا دەگاتە پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن، لە بەشداری پێنەکردنیان، لە بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان کە لە ئێستادا ڕەنگبێ گرینگترینی ئەوانە بەتاڵانبردنی «ئاوی» کوردستان بێ. لە ئاگردانی دارستانەکانی ڕابرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان. جا ئەوەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکەماندا بە دێکۆمێنتی دەکەین پتر لایەنی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

نوێترین ڕاپۆرتی ئێمە دەڵێ کە لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا سەدان حاڵەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە کە لە چەند بەشی کۆڵبەرکوژی، ڕەشبگیر و گرتنەکان، تەقینەوەی مین، ئێعدام، خۆکوژی و ڕووداوەکانی کاردا پۆلێن کراون.

ئەمن چاوم بە وردەکاریی ڕاپۆرتەکە کەوتووە و ئەوەی بەدیم کرد ژمارەی زۆری گرتنەکان و حوکمدانەکان لە کوردستان بوو؟ ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

بەڵێ هەر چاوخشاندنێکی کورت بەو ڕاپۆرتە و ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ دەنگ و باس و مانشێتی هەواڵەکان پێمان دەڵێ کەشی سیاسی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ناوچەیەکی جیاوازە. لەو بەشە لە ئێران کارکردی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکان زۆر جیاوازە و بە گشتی تێچووی چالاکیی سیاسی لە کوردستان یەکجار لەسەرێیە.

وەک بۆ خۆت باست کرد هەر لە بابەت بەندکرانی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانیدا زۆرترین کەسیان لە بەندیخانەکان پەستاوتوە. باسەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس و چالاکی کرێکاری و هەڵسوورە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و؛ بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێ کە زۆربەی جاران دوورخرانەوە بۆ شار و ناوچە هەرە دوورەکان لە کوردستان وەک کەرەج و زاهیدان و مینابی لەگەڵە.

ئێمە دەبینین بۆ تاوانی وەک یەک لە ئێران سزای وەک یەک لە کوردستان دیاری ناکرێ و هۆکاری ئەوەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کوردستان کەیسێکی ئەمنیەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی. کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە، بۆیەش دەبینین تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە زۆر لەسەرێیە، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە ئەوانە هیچیان کۆڵیان بە ڕوحی بەربەرەکانی و تێکۆشان لە کوردستان نەداوە.

ئەوانەی گیراون بە تاوانی سیاسی بەند کراون و حوکم دراون؟

نەخێر هەتا ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی سیاسیی پێناسە نەکردوە و زیندانیانی سیاسیی کورد هەمووی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەگیرێن و حوکم دەدرێن. وەک باسم کرد دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە پێناسە نەکراوە و لە ڕاستیدا ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات»یان بدرێتە پاڵ و؛ سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا بەسەردا بسەپێندرێ. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسیی نییە!

لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری...

لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕومالکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە هەموو ئەو ساڵانەدا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.

بە جۆرێکی دی دێمەوە نێو باسەکە. دەپرسم تاوانی سیاسی یانی چی و زیندانیی سیاسی چ فەرقێکی لەگەڵ زیندانییەکی دیکە هەیە؟

تاوانی سیاسی لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە لێک دەدرێتەوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتندا تاوانی سیاسیە بریتییە لە هەر جۆرە ڕەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات لە دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە ناڕەوا نیشاندانی ڕەفتار و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوەبەریی وڵاتە، ئەویش بە مەبەستی گۆڕان.

ئەو ڕەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینارگرتندا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردنی نیزام و سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتە. هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لەگەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە و وڵاتدا بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆیدا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پیچەوانە پڕەنسیپەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە. بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک ڕێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، وێڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی ڕاگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەلسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژوورە تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ڕیزە ئیدیعایەکی لیڵ و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی نیزام و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوە و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ.

باشە ئەوە کە تاوانی سیاسی لە ئێران کاری پێ ناکرێ چ لە مەوزووعەکە دەگۆڕێ؟

قسەکە ئەوەیە کاتێک لە وڵاتێکدا و لە سیستمی دادی وڵاتێکدا تاوانی سیاسی پێناسە کرا، ئیدی چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگاییکردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە، ئەوە لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکاندا وایە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پیناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگاییکردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەڕێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بدا و، ئەوە تەنیا دادوەرە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ربەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەڵام بۆ دوای ٤٠ ساڵ تاوانی سیاسی کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ئاماژەت پێدراوە پێناسە نەکراوە و لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا کاری پێ ناکرێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوێ کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادڕەسیی ئێراندا هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زینانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەوڕۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر وڵاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پێودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو وڵاتەیە.

بێینە سەر لایەنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کە لە کوردستان پێشێل دەکرێ. مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ڕەهەندەکانی دیکەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ئەگەر پێناسەی ئێمە بۆ مافەکانی کورد هەر ئەو پێناسەیە بێ کە لە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون و ٧٠ ساڵ لە تەمەنیشی ڕادەبرێ، بەداخەوە زۆر لەو مافانە بۆ تاک و کۆمەڵی کورد وەدی نەهاتوون. هەڵبەت وەنەبێ لە ئێران تەنیا کوردستان لە زۆر مافە سروشتی و بنەڕەتییەکانی بێبەش بێ، بەڵکوو وەک دەبینین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆکە بەهۆی ڕەفتارە نەگونجاوەکانی لەگەڵ نۆڕم و بایەخە نێونەتەوەییەکان بە ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافی مرۆڤ دەناسرێ. لە ماوەی ٤٠ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بەردەوام لەلایەن کۆمیسیون و شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئوروپا و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە مەحکووم کراوە. بەڵام پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیم بەوەڕا جیاوازە کە هەم سیستماتیک و بە بەرنامەو پلان دەکرێ و هەم لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ ڕوانگەی زاڵی ئەمنیەتی بۆ سەر کوردستان دەگەڕێتەوە.

لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئێعدام و شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، لە لە پەراوێزخستن و لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانیدا، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک کانگاکانی بەردی زێڕ و بەردی بیناسازی، لە بەتاڵانبردنی ئاوی کوردستان و لەوە لەوە و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

بە گشتی ئەگەر ڕێژیم خۆی لە خۆیدا نادێموکراتیک، سەرکوتگەر و دیکتاتۆڕە، بەڵام کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئەو زەبروزەنگ و پێشێلکارییانەدا بەداخەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ و لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی ئێران خەڵکەکەی پتر مافەکانی پێشێل کراوە.

مافی مرۆڤ چەندە دەتوانێ لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بخوێندرێتەوە و شوێندارێ لە سەر بڕیاری سیاسیی وڵاتان؟

مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. ئێمە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشتر کۆمیسیۆن و ئێستا شووڕای مافی مرۆڤمان هەیە کە کار بۆ جێخستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ و هاندانی دەوڵەتان بۆ ڕەچاوکردنی پڕەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکا. تەنانەت وردە وردە باسی دەخالەتی مرۆیی خەریکە دەبێتە کارتێک بۆ وڵاتە زلهێزەکان لەسەر یەکلاکردنەوەی قەیرانی سیاسی و مرۆیی وڵاتێک. ئێمە لە بیرمانە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و ئەگەر هەڵە و نالێکییەکانی ساڵی ڕابردوو نەبا دەکرا ئێستا لە قۆناغێکی زۆر شازی سیاسیدا با، بەرهەمی ئەو دەخالەتە مرۆییەیە کە ساڵی ٩١ و دوابەدوای کۆڕەوە مێژووییەکەی باشووری کوردستان بە دروستکردنی مەداری دژەفڕینی ٣٦ دەرەجە درا. یان وەرگرتنی سەدان هەزار کۆچبەر لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوای مردنی «ئایلان» هەر لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەت بە ئێران بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆنگەی گرینگیدانە بەو پرسە لای کۆمەڵگەی جیهانی. خۆ ئەگەر چاوێک بەسەر ئەو ئەو گەمارۆیانەدا بخشێنین کە لەلایەن شووڕای ئەمنیەت، وڵاتی ئەمریکا و وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپاوە خراوەتە سەر ئێران، بەشێکی گرینگی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بووە.

لە زۆر وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکاشدا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەکی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابوورییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەسساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە.

بێگومان وڵاتانی ئوروپایی بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکە دادەنێن، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانە بیروڕای گشتیی وڵاتانی خۆیان بۆ گرینگە، بۆیە دەکرێ حەسساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێبکرێ. دەبێ لەو بوارەدا مانۆڕی زۆر لەسەر تێگەیاندنی ئەو بیروڕا گشتییە لە دۆخی مافی مرۆڤو کردنی بە ئەهرومی فشار بۆ سەر پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران بدرێ؛ ئەوەش ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسانە.

ئەوەش کە چەندە دەکرێ لەو بوارەدا سەرکەوتن وەدەست بێ، ئەوە بە ڕادەی ئەو تێکۆشان و هەڵسووڕانە بەندە کە دەبێ لەو پێناوەدا بدرێ، ئەگینا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ، بەڵام ئەزموونی فشاری کۆمەڵگەی جیهانی لە ساڵانی ڕابردوو بۆ سەر ئەو ڕێژیمە لەسەر پرسە ئەتومییەکەی دەری خست کە ڕێژیم چۆن لە بەرانبەر فشاردا پاشەکشە دەکا و دەست بەر دەداتەوە. بۆیە دەبێ لەو بوارەشدا فشاری زیاتری بخرێتە سەر.

وەک دوا پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، بە دەر لە حوکمەت و حاکمییەت، پێتان وایە کێ چیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

وەک بە تێر و تەسەلی باسمان کرد کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئێعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پیشێلکاریی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەڵاتر بێ، وەک چۆن دەبینی لە ساڵدا سەدان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد سەرەڕۆیانە دەدرێنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام هیچ کام لەو توندوتیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ڕاگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

قسە ئەوەیە کە ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو تاکەکانی کورد لە نێوخۆ و هێز و لایەنانە سیاسییەکانی کورد بێ. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی مانگرتن و کۆر و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەقاودەرانە دێتە دی.

پێش هەموو شتێک وردەکاریی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بە دێکۆمێنت بکرێن و بڵاو بکرێنەوە. ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕەوتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بریارەکانی یەکیەتیی ئوروپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ خۆشیان وەک نیشانیان داوە کە مافخوازن، دەبێ پتر لەو مافخوازییەدا لە سەنگەردابن و لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بێدەنگ نەبن. تەبیعەتەن ئەوە هەزینەی خۆی هەیە، بەڵام هیچ شتێکیش گرینگتر و بە ئەزشتر لەو مافانە نییە کە پێویستە هەمانبن و بۆ ئەوە دەبێ تێچووی خۆی بۆ بدەین.

کوژران و بریندارببوونی ٤١ کۆڵبەر و گیرانی ١٠٣ هەڵسووڕی مەدەنی بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی

[ڕاپۆرتی وەرزی بەهاری ناوندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە] کوردستانی ئێران لە ساڵی نوێی ١٣٩٧و لە وەرزی یەکەمی

ئەمساڵیشداهەمدیسان وەک ڕابردوو بەشی شێری لەسەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێ برا. بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، تەنیا لە ماوەی سێ مانگی بەهار و سەرەتای ئەمساڵدا لانی کەم ٢٦٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٤١ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنووریییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ١٥ کۆڵبەر و کاسبکارە کە کوژراون ٩ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانیان لە دەست داوە، ٦ کۆڵبەر و کاسبکاریش بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان و لە ئاکامی بەربوونەوە لە بەرزایی یان وەرگەڕانی ترۆمبیلەکانیان مردوون. لە ٢٦ کۆڵبەریش کە بریندار بوون، ٢٠ کۆڵبەریان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی پێکراون، ٤ کۆڵبەریش بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان و لە ئاکامی بەربوونەوە لە بەرزایی بریندار بوون و دوو کۆڵبەریش بەهۆی تەقینەوەی مین زامدار بوون.

کوژران و بریندارببوونی ٤١ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٦ی هەتاوی) ٣٧ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنووریییەکانی کوردستان کوژرابوون و بریندار ببوون و؛ بەوەش دەردەکەوێ کە ئاماری قوربانییانی کوشتاری کۆماری ئیسلامی لە چاو بەهاری ڕابردوو زیادی کردوە. لایەنێکی دیکەی سیاسەتی دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە هەر لەو ماوەیەدا دەیان سەر ئەسپ و ئێستری ئەو کاسبکارانەش بە کوشت چوون و دەست بە سەر چەندین میلیارد تمەن بار و کەلوپەلیان داگیراوە.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ١٠٣ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ١٩ کەس لەوان حوکمی ٦ مانگ تا ١٠ ساڵ (سەرجەم ٤٦٤ مانگ) زیندانییان بەسەردا سەپاوە لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا لانیکەم ٨ بەندکراوی کورد کە بە تاوانی کوشتن حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانەکانی ورمێ و ئیلامدا لە دار دراون.

لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە ٢٨ قوربانیی وەرگرتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١٥ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. لەو ١٥ قوربانییەی تەقینەوەی مین کە ناویان ئاشکرا کراوە ٤ کەسیان گیانیان لە دەست داوە و ١١ کەسیش بریندار بوون.

هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٣ کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە شوناسی ١٧ کەس لەوان لەلای ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. لەوەندە کەسە ١٠ کەسیان بەهۆی جۆراوجۆری وەک بەربوونەوە لە بەرزایی، بڕق گرتوویی و کەوتنە بن ڕنوو گیانیان لە دەست داوە و ٧ کەسیش بریندار و نقوستان بوون.

ئاماری خۆکوژییەکانیش لە کوردستان بەهۆی پەرەسەندنی خەمۆکی و قەیرانەکانی بێکاری و ئابووری هەروەها؛ کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی بەهاردا دیار و بەرچاو بوو.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٥٧ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٤٢ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردوە. جێی باسە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو کە ناو و شوناسی ٢٣ کەس لەوانەی بەهۆی خۆکوژی کۆتاییان بە ژیان هێنابوو تۆمار کرابوو، دەردەکەوێ کە حاڵەتەکانی خۆکوژی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە چاو ساڵی ڕابردوو نیزیک بە دوو بەرابەر زیادی کردوە.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

بۆ بینینی وردەکاریی زیاتر و داگرتنی خشتە و پێنوێنەکانی ئەم ڕاپۆرتە کلیک لەسەر ئەو لینکانە بکە:

wwww.chawnews.com/?p=1751
http://www.kurdistanukurd.com/?p=33584

هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە ڕۆچنەی ئامارەوە

(پارێزگای کرماشان)

کرماشان یەک لە چوار پارێزگاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ئێران کە سەرەڕای ئەوەی دانیشتووانەکەی بەشی زۆری شیعەن، بەو حاڵەش ناوچەیەکی پەراوێزخراو و نوقمی دواکەوتوویی ئابوورییە.

دۆخی نالەباری ئابووری و پەرەنەسەندن لە کرماشان دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە پێچەوانەی زۆر بانگەشە، شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردی سوونە نییە و، کۆماری ئیسلامی بە یەک چاو سەیری کورد دەکا، بە شیعە و سوننی یان هەر ئایین و ئاییزایەکی دی. ئەو پێوەرانەش کە پەرەسەندن و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوچەیەک دەردەخەن، هەموو دەیسەلمێنن کە کرماشان بەشێوەی سیستماتیک لە پاشکۆیەتی و پاشکەوتندا ڕاگیراوە.

ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاکامی گەڵاڵەیەکی ئامارگرتنی هێزی کار لە زستانی ساڵی ٩٤دا ڕایگەیاند کە پارێزگای کرماشان بە سەدی ٢٤ی نرخی بێکاری، بێکارترین پارێزگا لە ئاستی پارێزگاکانی ئێران دایە. کارناسانی سەربەخۆی ئابووریش دەڵێن نرخی بێکاریی ڕاستەقینە بەتایبەت لە ئێستادا زیاتر لە دوو هێندەی ئامارە ڕەسمییەکانە.

کارناسانی ئابووری دەڵێن هۆی تێکڕمانی ژێرخانەکانی ئەم پارێزگایە بۆ زیانی زۆر و قورسی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، سەرمایەدانەنان لە سەردەمی پاش شەڕ، درێژبوونەوەی گەڵاڵەکانی وەک ئاسنەڕێی کرماشان، خەمساردیی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی ئەم پارێزگایە و زۆریی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی ناخۆجێیی دەگەڕێتەوە و هەموو ئەنجامەکەشی ئەم بێکاریەیە کە ئێستا لەم پارێزگایەدا خەڵک بە دەستییەوە دەناڵێنن.

هۆکارێکی دیکەی ئەو بێکارییە، نیوەچڵ مانەوەی پڕۆژە ئابوورییەکان و پەرەسەندن لەو ناوچەیەی کوردستانە کە لەسەر کاغەز پەسند کراون، بەڵام جێبەجێکردنەکەیان پشتگوێ دەخرێ. تەهمورس ئەلیاسی، سەرۆکی ڕێکخراوی مودیرییەت و پلاندانانی پارێزگای کرماشان وێڕای ئاماژە بە لەسەردەستدا مانەوەی ١٨٠٠ پڕۆژەی نیوەچڵ لەم پارێزگایەدا دەڵێ بۆ تەواوکرانی هەموو ئەم پڕۆژە نیوەچڵانە بڕی ٢٠ میلیارد تمەن بوودجە پێویستە.

چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن هەندێ لەو پڕۆژە نیوەچڵانەی پارێزگای کرماشان زیاتر لە ١٠ ساڵە دەستیان پێکراوە، بەڵام بەهۆی تەرخاننەکردنی بودجە و پشتگوێخرانیان سەرەڕای تەواوبوونی وادەی پێشوویان تەواو نەکراون.

ڕێگای ئاسنی ڕۆژاوا یەک لەو پڕۆژە نیوەچڵانەی کرماشانە کە زیاتر لە ١٥ ساڵە دەستی بە کار کردوە، بەڵام ئێستاش سەدا ٣٠ ی کارەکانی نەکراوە و کاربەدەستان دەڵێن بۆ تەواوکردنی بەشی یەکەمی ٥٠ میلیۆن دۆلاری پێویستە.

پاڵاوگەی ئاناهیتا پڕۆژەیەکی دیکەی پارێزگای کرماشانە کە نیزیک بە ١٧ ساڵە بڕیاری دروستکردنی دراوە، لێدانی ئەو پڕۆژەیە ساڵی ٨٥ لە ئەنجومەنی وەزیراندا پەسند کرا، بەڵام ساڵی دواتر ڕاگیرا. ئەو پڕۆژەیە ساڵی ٨٩ جارێکی دیکەش دەستبەکار بۆوە، بەڵام بۆ جارێکی دیکەش بە هۆکاری نارِوون ڕاگیراوە و دەستی لێ هەڵگیراوە.

پڕۆژەی «تێلەکابین»ی کرماشانیش یەکێکی دیکە لەو پڕۆژانە بوو کە بە مەبەستی بووژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری لەو ناوچەیە بڕیاری دروستکردنی درا، بەڵام دوای ١٥ ساڵ کەس خۆی لێ بە سێحەب ناکا. قاسم جاسمی، نوێنەری کرماشان لە مەجلیسیش دەڵێ سەدی ٨٥ی کۆمەڵە پیشەسازی و بازرگانییەکانی پارێزگای کرماشان وەرشکستە بوون و داخراون. جاسمی دەڵی تەنیا سەدی ١٠ تا سەدی ١٥ی کۆمەڵە پیشەسازی و بازرگانییەکانی پارێزگای کرماشان خەریکی چالاکین و ئەم یەکە چالاکانەش بە زەرفییەتی سەدی ٤٠ تا سەدا ٤٥ی سەرەکیی خۆیان کار دەکەن.

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٠ لە کاتی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان بوودجەیەکی تایبەت کە زیاتر لە ٨٠٠ میلیارد تمەن بوو، بۆ بەشە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەم پارێزگایە پەسەند کرا، بەڵام ئەوە تەنیا هەر لە چوارچێوەی قسەدا مایەوە و پاش تیپەڕینی ٧ ساڵ تا ئێستا تەنیا ٣٤٠ میلیارد تمەن لەم بوودجەیە دابین کراوە و نزیکەی ٥٠٠ میلیارد تمەنی دیکە لەم ئیعتبارانەی سەفەری خامنەیی کە دەوڵەت دابینکردنەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، هەروا پشتگوێ خراوە و پڕۆژەکان بە نیوەچڵی ماونەتەوە.

جیا لەوە و بەپێی ئامارەکان لە ئێستادا و لە ئاستی پارێزگای کرماشاندا ٣٠٠ هەزار کەسی نەخوێندەوارن. محەممەدڕەزا بەسامی، جێگری «سەوادئاموزی»ی ئیدارەی فێرکردن و پەروەردەی پارێزگای کرماشان دەڵێ بە پێی نوێترین ئامار لە ئێستادا پتر لە ٣٠٠ هەزار کەس لە شار و ناوچەکانی ئەو پارێزگایەدا نەخوێندەوارن کە زیاتر لە ٨٢ هەزار کەسیان لە ئاستی تەمەنیی ١٠ تا ٤٩ ساڵ دان. گرووپی تەمەنیی ١٠ تا ٤٩ ساڵ حەشیمەتی چالاکی کۆمەڵگەن کە بە هۆی نەخوێندەواری ناتوانن ڕۆڵ و کاریگەرییان لە سەر ئابووری و گەشەی وڵات هەبێ.

لەلایەکی دیکەوە فەرزۆڵلا ڕەنجبەر، فەرمانداری کرماشان دەڵێ لە ئێستادا ٣٣٠ هەزار کەس لە ناوچە پەراوێزنشینەکانی ئەم گەورەشارەدا دەژین. «کۆچ کردن بۆ شارە گەورەکان» و «بێتوانایی لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون» لەم شارانەدا، بە هۆکارگەلی پەراوێزنشینی هەژمار دەکرێن. لەو پێوەندییەدا موجتەبا نیک کردار، جێگری پارێزگاری کرماشان دەڵێ لەو پارێزگایەدا سێ هەزار و ١٥٢ گوند هەیە، کە تا ئێستا ٥٣٠ گوندیان چۆڵ کراون.

نموونەیەکی بچووک و قانوونی و سیستماتیک لە پەراوێزخستنی کرماشان و سیاسەتی هەڵاواردنی لەچاو ناوچە غەیرە کوردنشینەکانی ئێران: لە حاڵێکدا بەپێی بڕیاری پێشوو بڕیار بوو ١٦٨ میلیارد تمەن بۆ کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕێگای ئاسنی کرماشان تەرخان بکرێ، بەڵام ئەو پڕۆژە ئابوورییەی کوردستان لەم دووساڵەدا تاق قرانێکی نەدراوەتێ.

موجتەبا نیکەکردار، بریکاری کاروباری ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاری کرماشان لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە دەڵێ: بێبەشکردنی ڕێگای ئاسنی کرماشان لە بودجە لەمساڵدا لە حاڵێک دایە کە ١٧٠ میلیارد تمەن بۆ پڕۆژەی ڕێگای ئاسنی قەزوین بۆ ڕەشت تەرخان کراوە و پێیان دراوە.

ئەو گوتی بودجەی پەسندکراو بۆ ڕێگای ئاسنی قەزوین_ ڕەشت ٢٤٠ میلیارد تمەنە کە ئەمساڵ ١٧٠ میلیارد تمەنی تێکراوە، بەڵام تاق یەک قران لەو ١٧٠ میلیارد تمەنەی بۆ ڕێگای ئاسنی کرماشان_ مەلایر تەرخان کراوە، بەو پارێزگایە نەدراوە.

کوردستان و شەپۆلەکانی فێمینیزم



خەدیجە مەعزووری

بزووتنەوەی فیمینیزم ئێستا بۆتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بە شێوەیەکی نوێ لە سەرانسەری دونیادا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام لە ئوروپا لە سەدەکانی ١٦ و ١٧دا سەری هەڵداوە. بزووتنەوەی فێمینیستی لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی زایینییەوە لە ئوروپادا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مودێرنەوە، دوای بزووتنەوەی سوسیالیستی، گەورەترین بزووتنەوەیە کە ئێستا ناتوانرێ نکۆڵیی لێ بکرێ، چونکە هەموو قاڕەکانی جیهانی داگرتووە. فێمینیزم لە نێو چەپدا لە دایک بووە و لە وڵاتانی سەنعەتی و پیشەسازیی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە. ئێستا فێمینیزم لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بەڕەسمی ناسراوە و هێزێکە کە بەرنامە و پڕۆژەی خۆی هەیە و لە ئوروپا بۆ زۆر مەبەست بەرەو پێشی دەبا. فێمینیزم لە ڕۆژئاوا سێ شەپۆلی بڕیوە، بوارەکانی سەرهەڵدانی فێمینیزم لە ڕۆژئاوا، بزووتنەوەی ژنان لە دەیەکانی١٩٦٠ و١٩٧٠، خەبات لە مەیدانی چالاکییەکاندا فێمینیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرەبەرە تووشی ئاڵوگۆڕی مەنفی و موسبەت هاتووە، لق و پۆپی جۆراوجۆری لێ بۆتەوە. هەر ئەو جیابوونەوانە بۆتە هۆی ئەوەی نەیارانی لەبەرامبەریدا ڕاوەستن و هەڵوێست بگرن. تەنانەت بێ ئەوەی بزانن فێمینیزم چیە و مانا و واتاکەی بە هەڵە گوتراوە و زیاتر بە واتای ژن سالاری لێک دراوەتەوە. هەڵبەت زۆرینەی جۆرەکانی فێمینیزم لە ڕۆژئاوا شێلگیرانە سەرتاسەری نیزامی دەسەڵاتی حکوومەتەکان و سەرمایەداریی جیهانییان خستۆتە ژێرپرسیار، پرسەکانیان هەم تایبەتە بە یەک وڵات و هەم هاوکاتیش جیهانبینی جیهانگیرییەکی فراوانی تێدایە.(١)

فێمینیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

فیمینیزم لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئێستادا دیاردەیەکی ناسراوە، بەڵام بە پێچەوانە لێک دراوەتەوە و تەنانەت بێ ئەوەی بزانن چیە، مانا و واتاکەی بە هەڵە شیکراوەتەوە و زیاتر بە واتای ژنسالاری لێک دراوەتەوە تا بەم شێوەیە پیاوان هان بدەن پێشی پێ بگرن و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و دژکردەوە نیشان بدەن. لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک لە ڕووناکبیران و ڕێکخراوە سیاسی یە پێشکەوتووەکان و بە تایبەتی ژنە تێکۆشەرە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەرەوەی وڵات بە جۆرێک ویستوویانە لەو بارەوە هەنگاو هەڵ بگرنەوە و فێمینیزم بەو جۆرە هەڵسەنگێنن کە هەیە. ئەوە جێگای دڵخۆشییە و بۆ ئەوە دەبێ پێشوازیی لێ بکرێ. ئەگەر بە شێوەیەکی قووڵ و هەمە لایەنە لە فێمینیزم بکۆڵدرێتەوە، نە ماناکەی ئەوەیە کە لە بەرامبەر پیاودا ڕاوەستێ و نە دیاردەیەکی سەیر و دزێویشە کە کۆمەڵ نەتوانێ تەحەمولی بکا، بەڵکوو جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەیە کە بۆ دێموکراتیزەکردن و بەئینسانیکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان تێ دەکۆشێ(٢). یەکێک لە مەبەستەکانی فێمینیستەکان، ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە زمان و ئەدەبیاتی پیاوانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دایە، وەک ئەوە کە چیدیکە پیاو هەمیشە وەک قارەمانی مەیدان و وەک ڕزگاریدەری مرۆڤ و یان مرۆڤێکی بەهێز ناو نەبرێ. هەر بەو هۆیەش فیمینیستەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئەو سووکایەتی پێکردنە بە ژن و تاقەسوار نیشاندانی پیاو و بوونیان لە مەیداندا لەقەڵەمدان، لەقاو دەدەن. ژن دەبێ وەک هەیە، بناسێنرێ نەک زەعیف و دەستەوەستان.

فێمینیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە هێرشی توندی کراوەتە سەر و بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەوراز و نشێوی زۆر ڕووبەڕوو بۆتەوە. ئەو شتەی فێمینیزم لە بۆچوونە سیاسییەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەر بۆچوونێک بەرهەمی قازانجی هاوبەشی چینایەتی بووە، هەموو مەکتەبە سیاسییەکان لەلایەن چینی تایبەت بە خۆی پشتیوانیی لێ کراوە، بەڵام بۆ فێمینیزم مەسەلەکەی جیاوازە، چونکە ئەم مەسەلەیە هەموو ژنان دەگرێتەوە لە هەر چینێک و بە هەر مەرام و مەسلەکێک بن، یانی ژنی کرێکار لە پەنا ژنی سەرمایەدار، ژنی مووچەخۆر لە پەنا ژنی کابان، یا لەهەر مەزهەبێک بێ دەتوانێ لایەنگری ئەم مەکتەبە بێ، چونکە لە ژن بوون دا هاوبەشن(٣). زۆر لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست فێمینیزمیان وەک هەیە قبووڵ کردوە، دیارە ئەوانەی میثاقەکانی مافی مرۆڤیان بە لاوە پڕبایەخە و پێیان وایە دەبێ لە سەر مرۆڤ چ ژن و چ پیاو تەتبیق بکرێ. زۆر ژنی دیکە هەن کە نەتەنیا فێمینیزمیان قبووڵ نیە، بەڵکوو بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێ، لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن و پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە بە هیچ شێوەیەک زاراوەی فێمینیزم بمێنێ و پێیان کفرە کە باس لەو مەسەلە بکەن، پێیان وایە کولتووری ژنسالاری لە کۆمەڵدا دەکاتە باو و دەچێتە شەڕی پیاو و لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێ و مەبەستی خۆی دەسەلمێنێ. زۆر لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە مەسەلەیەکی ژن مەسەلەیەکی جیهانییە و بۆ مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان خەبات دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوە کە بچینە ژێر ڕکێف و دەسەڵات و بۆچوونەکانی ڕۆژئاوا دژایەتیی دەکەن(٤). ئەو ژنانە دەڵێن: ژنانی ڕۆژئاوایی هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی و دەروونیی ژنانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەست پێ ناکەن و خەریکی دابەزاندنی فێمینیزمی ڕۆژئاوایی لە وڵاتانی ئیسلامی دان. ژنی ڕۆژئاوایی فێمینیزمی تاقی کردۆتەوە، یانی لە ڕاستیدا پڕۆسەی فێمینیزمیان بە ئەنجام گەیاندوە و ناتوانین بیکەین بە چارەسەرێک بۆ هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لەهەر ناوچەیەکی دنیا جۆرە فێمینیزمێکی ناوچەیی هەیە. «دیارە ژنانی

ڕۆژهەڵات لە ئەزموونی ژنانی ڕۆژئاوایی بێ نیاز نین، بە تایبەتی لە بارەی فێمینیزمە ئیسلامییەکەی کە جێگای خۆی نەگرتووە وەک ئیسلامییە توندڕەوەکان یا وەک تاڵیبان. کاتێکی تەفسیرێک کە تاڵیبان یان توندڕەوەکان لە ئیسلام دەیکەن، لە ڕاستیدا بتوانین قسە لە مافی ژن بکەین یا ئەو تەفسیرە سوننەتییە کۆنانەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن، بێنینەوە.

فێمینیزم لە کوردستان

هەروەک ئاماژەی پێ کرا، فێمینیزم جیهانی بووە و تەنانەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و ئەو وڵاتانەی مەزهەب حاکمە و قسەی یەکەم دەکا، زۆر مەترەحە و کوردستانیش یەکێک لە ناوچەکانی جیهانی سێهەمە. لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠ی زایینیدا فێمینیزم بۆ خەڵک نەناسراو و نامۆ بوو، خۆ ئەگەر ئاشناش بووبێ، باسکردن لە فێمینیزم تابۆ بوو. تاک و تەرا قەڵەم بەدەستی ژن لە کوردستاندا بەرچاو دەکەوتن کە لە بارەی کێشەکانی خۆیان دەدوان، بەڵام زیاتر بە نهێنی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هەوڵیان دەدا و نموونەشی، بوونیان بە ئەندام لە حیزبە سیاسییەکاندا بوو. «بەڵام ئێستا بیری فێمینیزم لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بڕەوی پەیدا کردوە، ئەگەر بە دروستی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، دەتوانێ ڕۆڵێکی بگۆڕی لە کۆمەڵدا هەبێ.»(٦) لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵی ژنی کورد لە زۆر بواردا بەرچاو نەبوو، نە لە بواری سیاسی و نە لە بواری ئابووری و فەرهەنگیشەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەوەی ژنی کورد بەدەستی هێناوە، جێگای شانازییە. ڕاستە کە هێشتا لە ئاستی خواستە گەورەکانی ژناندا نەبووە، بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکەوێ لە بەرهەمی قەڵەم و هەوڵ و تێکۆشانی ژناندا زۆر بایەخدارە و دەکرێ لە داهاتوودا حیسابیان لە سەر بکرێ. ئەو قەڵەمانەی کە لە ترسان نووکیان کول ببوو، لە دوای ڕاپەڕین دەرکەوتن و لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ داهێنان و ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەریی ژنان. ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕێگای ژناندا هەیە و گەلێک جار لابردنیان دەبنە هۆی گیان ئەستاندن لە ژنان، ئەوەش مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەیە، کە وایە بە سووک و ئاسانی بێ ئەوەی قوربانی نەدەی، لە ماوەیەکی کورتدا ناتوانرێ پاشماوەی ئەو بیرە دواکەوتووانەیە کە لە مێشکی زۆر لە خەڵکدا ماوەتەوە و وەک داب و نەریتی لێ هاتووە، لابرێ. دیارە لابردنی ئەم داب و نەریتە دزێوانە زۆر دژوار نیە، بەمەرجێک شتێکت کە لابرد، شتێکی باشتر و بە قازانجتر لە جێگاکەی دابنێی، دەنا هیچ لە کێشەکان ناگۆڕدرێ. لە ماوەی ١٧ ساڵی ڕابردوودا لە سەر کێشەی ژن بە هەزاران وتار نووسراوە و بە سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینار گیراوە و گیروگرفت و مەسەلەکانی ژنانیان تێدا باس کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا بە هەوڵ و کۆششی زۆر لە ژنانی تێکۆشەری کوردستانی باشوور دوو بڕیاری زۆر گرینگ لە کوردستان دەرچوون و کاتی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامە ڕەسمییەکاندا چاپ و بڵاوکرانەوە و تەبلیغاتێکی زۆریان پێوەکرا. ئەوانەش بڕیارەکانی ژمارە ٥٩ و ژمارە ٦٢ بوون کە بە گوێرەی بڕیاری ٥٩ بکوژانی ژنان وەک تاوانبار لە مەحکەمەکاندا دادگایی دەکرێن. دیارە ئەوە وەک تەعدیلێکە کە لە یاسای عێراقدا کراوە، لە بەر ئەوەی ئەو یاسایە زۆر ئاسانکاری و ڕێنوێنیی بکوژانی ژن دەکا کە ئەگەر تاوانێکی لەم چەشنە لە ژێر بیانووی ناموسپەرستی و دەمارگرژیی مەزهەبیدا بکرێ، حەتمەن سزای پێویستی بۆ دیاری دەکرێ. بڕیاری ژمارە ٦٢ کە ئەوەش دژی دیاردەی فرە ژنییە. ئەو بڕیارەش بووە هۆی ئەوە کە پیاوان بەبێ هۆ نەتوانن بۆ دامرکاندنەوەی هەستی خۆبەزلزانییان پەنا بەرنە بەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنانی دیکە. لێرەدا دەردەکەوێ فێمینیزم چەندە چۆتە ناخی کۆمەڵی کوردەواری و ژنان چۆن ئاوا بێپەروا لە هەستی کۆنەپەرستی، بەحەق دیفاع لە کێشە ڕەواکانیان دەکەن و دەیسەلمێنن کە تەنیا جیاوازیی فیزیکی دەتوانێ لە بەرامبەرەکەی جیای بکاتەوە، ئەگینا لە بواری ئیستیعداد و چالاکییەوە ناتوانین جیاوازی بەدی بکەین.

پەراوێزەکان:

١ـ کتێبی «ناکۆکییەکانی نێو سیاسەت»، نووسینی «ماریا قیێدت هویەر» و «سیسیلیا ئوسە»، وەرگێڕانی بۆ کوردی، ڕێبوار ڕەشید

٢ـ گۆڤاری «تیشک «، ژمارە ٢

٣ـ گۆڤاری «آرش» ، ژمارە ٣٤

٤ـ فصلنامە «زن»، ژمارە ٩

٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو

٦ـ وتوویژی «کەژاڵ ئەحمەد» لەگەڵ گۆڤاری «ژنان» ، ژمارە ١

کوردستان
• ژمارە:٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

«فاتێ ڕەش»ی شێرەژن

د. کامران ئەمین ئاوە

فاتێ ڕەش، سەرۆکی یەکێک لە گەورە عەشیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئانۆتۆڵییە کە پاش گیران و زیندانیکرانی هاوسەر و سەرۆک عەشیرەکەی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆتە سەرۆک عەشیرە و بۆ دەربڕینی ئەمەگداری بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی و بە هیوای ئازادکردنی هاوسەرەکەی؛ لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ کوردی شەرڤان بەشداریی شەڕی کریمەی کردوە و ئازایەتییەکی بێوێنەی لەم شەڕدا نواندوە

پێشەکیی وەرگێڕ

فاتێ ڕەش، نازناوی «ئایشە خانم» کچی «حاجی عوسمان بەگ» خەڵکی «ئاندیرین» سەر بە پارێزگای قارەمان مەرعەش و سەرۆکی یەکێک لە گەورە عەشیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئانۆتۆڵییە کە پاش گیران و زیندانیکرانی هاوسەر و سەرۆک عەشیرەکەی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆتە سەرۆک عەشیرە و بۆ دەربڕینی ئەمەگداری بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی و بە هیوای ئازادکردنی هاوسەرەکەی؛ لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ کوردی شەرڤان بەشداریی شەڕی کریمەی کردوە و ئازایەتییەکی بێوێنەی لەم شەڕدا نواندوە. سەرەڕای ئەوەی لە بەشێک لە کتێب و گۆڤارەکاندا بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی لە «پال مال گەزت» بڵاو بۆتەوە بە کورتی باس لە «فاتێ ڕەش» کراوە، بەڵام بە تەواوی بێوگرافی و بەسەرهاتی ئەم خاتوونە دلێرە ڕوون نەکراوەتەوە. تورکەکان و تورکەمەنەکان حاشا لە کوردبوونی فاتێ ڕەش دەکەن و لە نیو کوردیشدا بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و کیانی کورد لە لایەکەوە، و نەبوونی فەرهەنگی نووسینەوەی بێوگرافیی کەسایەتییە مێژوویییەکان لە لایەکی دیکەوە، لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەم پێوەندییەدا نەکراوە.

بەشداریی ئەم ژنە شەرڤانە لە شەڕی کریمە لە پێناوی ئازادکردنی هاوسەرەکەیدا پیشاندەری کارەساتی مێژوویی گەلێکە، کە بێ ویست و ڕزامەندیی خۆی کراوە بە بەشدار و قوربانیی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

دابەشکرانی نیشتمانی کوردان لە نێوان ئێران و عوسمانی [ڕێکەوتی ٢٢ی ئاگۆستی ١٥١٤ی زایینی]، هەروەها دوژمنایەتیی بەردەوام و شەڕەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە لە گەڵ یەکتر هەتا دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، هۆی نەهامەتی و کارەساتی بێبڕانەوە بۆ گەڵی کورد، خاپوور و وێران بوونی خاکی کوردستان و کوژرانی بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان بووە.

ئەم دەوڵەتانە هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، هەوڵیان داوە لە هێزی چەکداری کورد دژ بەیەکتر یان دەوڵەتە دراوسێیەکان کەڵک وەربگرن. لە شەڕەکانی ئێران و عوسمانی لەگەڵ ڕووسیەی تێزاری، ڕووسەکان کەڵکیان لە هەستی نەتەوایەتیی کورد دژ بە عوسمانی و ئێران وەرگرتوە، و ئێرانی و تورکە عوسمانییەکانیش بە وروژاندنی هەستی ئایینیی کوردەکان دژ بە ڕووسیە «مەسیحی و کافرەکان» ویستوویانە سەرۆک عەشیرە و ئەمیرەکانی کورد بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هان بدەن.

هەتا کورد دەوڵەت و کیانی خۆی نەبێ، خەڵکەکەی بە هۆی جۆراوجۆر قوربانی شەڕ و ململانێ دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەبێ، نەتەوەی بالادەستیش بۆ سەقامگیریی دەستەڵاتی خۆی هەوڵ دەدا بە چەشنی جۆراوجۆر کورد و نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی یان بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا.

کوردەکان بۆ هەوەڵ کەرەت لە کاتی شەڕی ئێران و ڕووس[١٨٠٤-١٨١٣ زایینی] ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوونەتەوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا قەرەباغ شوێنی ژیانی کوردان کەوتۆتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی ئێمپراتۆریی ڕووسیە. لە شەڕی ڕووسیەی تێزاری لەگەڵ فەرانسە، بریتانیا، پاشایەتیی ساردنی و عوسمانی[١٨٥٣ هەتا ١٨٥٦ ز] کە لە مێژوودا وەکوو «شەڕی کریمە» پێناسە کراوە، لایەنەکانی شەڕ هەوڵێکی زۆریان داوە عەشیرەکانی کورد بەرەو خۆیان ڕابکێشن. لەم شەڕەدا تورکەکان سەرەڕای بەشداریی بەشێک لە کوردەکان، نەیانتوانیبوو پشتیوانیی هیچ کام لە ڕێبەرە ناسراوەکانی کورد وەدەست بێنن. لەم بەینەدا بەشێک لە عەشیرەکانی نزیک بە سنووری ڕووسیە وەکوو زیلان، حەیدەران و هتد پشتیوانییان لە تورکەکان کردبوو و ڕووسەکانیش توانیبوویان دوو لەشکەر لە کوردەکانی باشووری قەفقازی بۆ شەڕ پێک بێنن. بەپێی لاواز بوون و پاشەکشەی تورکەکان لە شەڕ، عەشیرە ناوبراوەکان پەیتا پەیتا لە پشتیوانیکردنی خۆیان لە تورکەکان پاشگەز بوونەوە و پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسەکان پێکهێنابوو. پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان و شکستی تورکەکان لە ناوچەی بایزید[ژوئیەی ١٨٥٤ز]، کوردەکان ڕیزی سپای تورکیان لە تەواوی ئاستەکاندا بەجی هێشت.

دابەزینی شوێن و پێگەی سیاسی_ نیزامیی عوسمانی ڕێخۆشکەری گەشە و پەرەسەندنی ڕاپەرینی کوردەکانی باکوور بە سەرۆکایەتیی یەزدانشێر برازای بەدرخان بووە. لەماوەیەکی کورتدا ئەم ڕاپەرینە بەشێکی بەرچاوی لە خاکی کوردستانی لەخۆ گرتۆتەوە و شاری بتلیس، سیرت، مووسڵ و ناوچەکانی باشوری گۆمی وان و هتد کەوتونەتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ڕاپەرین. ئەم ڕاپەرینە پاش گیرانی یەزدانشێر لە کاتی وتوێژ لەگەڵ تورکەکاندا، بەرەو کوژانەوە چووە.

کورتە لێکدانەوەیەکی ئەم ڕووداوانە پیشاندەری ئەم ڕاستییەن، هەتا کورد دەوڵەت و کیانی خۆی نەبێ، خەڵکەکەی بە هۆی جۆراوجۆر قوربانی شەڕ و ململانێ دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەبێ، نەتەوەی بالادەستیش بۆ سەقامگیریی دەستەڵاتی خۆی هەوڵدەدات بە چەشنی جۆراوجۆر کورد و نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی یان بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا.

***

بابەتی «قەرە فاتمە» ڕێکەوتی ٨ی نوامبری ١٨٨٧ لە ڕۆژنامەی «پال مال» لە لەندەن چاپ و بڵاو بۆتەوە، بە داخەوە ناوی نووسەرەکەی دیار نیە.

***

ئێستا بوونی قەرەفاتمە لە ئەستەمووڵ سەرنجی خەڵکیی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. ژنە شەرڤانێکی بە شەوکەت لە کوردستانەوە کە بۆ سەردانێکی کورتخایەن هاتۆتە پایتەختی تورک [ی عوسمانی]. مێژووی ئازایەتیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەستپێکی شەڕێ کریمە، کە ئەو ڕێبەری ژمارەیەکی گەورە لە خۆبەخشەکانی کورد بوو، کەسێک کە بە ئازایەتییەکی بێوێنە شەڕی بۆ تورکیە کرد. دەوڵەتی عوسمانی بە لەبەرچاوگرتنی خزمەتەکانی، مانگانە ٥٠٠٠ قروشی وەک پارەی خانەنشینی بۆ بڕیەوە، بڕی پارەیەکی کەم کە ئیجازە دەدا بە ئاسوودەیی پێی بژی. ئەو کەسێکی بالابەرز، باریکەڵە، دەم و چاو ڕەشتاڵەی هەڵۆ ئاسایە، کۆڵمەکانی لە ڕەنگی پێستەیە و شوێنی برینی بەسەرەوە دیارە. بە جلوبەرگی نەتەوایەتیی خۆیەوە کە هی ڕەگەزی سەخت [پیاوان]ە، نەک ژن، بەڵکوو وەک پیاوێکی ٤٠ ساڵە دەنوێنێ کە هەرگیز تەمەنی ٧٥ ساڵان بەخۆیەوە نابینێ. بە شێوەی قازاقەکان شمشێرێکی درێژ بە دەسکی سەنگدارەوە، بە شانیەوەیەتی؛ میدالیاکانی سەر سینگی دەدرەوشێنەوە و بریقەیان دێ، و زێواری سەرقۆڵەکانی وا پیشان دەدەن کە دەبێ کاپیتانێکی سپای عوسمانی بێ. چاودێریی ئەم کەسایەتییە سەرنجراکێشە کە بە شەقامەکانی ئەستەمولدا تێدەپەڕێ، وەبیرهێنەری یەکێک لە دیمەنەکانی هێرشی سپایی ‹جەنەرال لێسپیناس›ە لە دۆبرودیا کەمێک پێش گەیشتنی سپای هاوپەیمان بۆ کریمەیە. ڕۆژێک جەنەرال کاتی جگەرەکێشان و قسەکردن لەگەڵ چەند کەس لە برادەرە ئەفسەرەکانیدا لە نێو خێوەتەکەی، دەنگی مۆسیقایەکی نامۆ، هەمەڕەنگی تێکەڵاو لە دەهۆڵ و کەڕەنای و تەپڵۆکە و زریکەی قیژاندنی مرۆڤی لە دوورەوە ژنەفت. ئەم بەزمگێڕییە سەیر وسەمەرەیە لە کوێوە دێ؟ تەواوی پیاوەکانی نێو خێوەتەکە کاتێک ئاوڕیان دایەوە بۆ ئەوەی گوێ بدەنێ و سەرچاوەی دەنگی ئەو مووزیکە دیاریی بکەن، دەستەیەکی نزیک بە ٣٠٠ پیاوی ئەسپ سواریان دی کە بە تەقڵەکوت لە گردێکەوە دێنە خوارێ و لەوان نزیک دەبنەوە. لە پێشیانەوە ژنێکی دەم و چاو ڕەشتاڵەی ئەندام توندوتۆڵ بوو، کە بریقە لە چاوانی دەهات. ئەمە دیمەنی شێرەژنێکی بە تەواوی مانا بوو. ئەو پاش دابەزینی لە زینی ئەسپەکەی، بە شان و شکۆوە سڵاوی سەربازیی لە جەنەرال لێسپیناس کرد و بە یاریدەی وەرگێڕەکەی پێی ڕاگەیاند کە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هاتووە و خۆی و کوردە دلێرەکانی سەرجەم لە خزمەتی ئەو دان. ئەو شەوە، لە نێو دەستەی سپایی سوارە فەرەنسییەکان جێگە و ڕێگە بە پیاوەکانی درا، بەڵام ئەوان لەوەی بەو شێوازە حاوێنراونەتەوە ناڕازی بوون. ئەوان خوازیاری سەربەخۆیی خۆیان بوون، کە تەنانەت بەڕێوەبەر و ڕێبەرەکەشیان نەیدەتوانی لێیانی زەوت بکا. کەڕەی بەیانی هەموو چوونە سەرپشتی ئەسپەکانیان و بەسەر گردەکەدا سەرکەوتنەوە هەتا بەو موزیکە سەیر و و تیژ و ناسازە کە ئاگاکەرەوەی نزیکبوونەوەیان بوو، بەرەو پیری گزینگی بەربەیان بچن.

دابەزینی شوێن و پێگەی سیاسی_ نیزامیی عوسمانی ڕێخۆشکەری گەشە و پەرەسەندنی ڕاپەرینی کوردەکانی باکوور بە سەرۆکایەتیی یەزدانشێر برازای بەدرخان بووە. لەماوەیەکی کورتدا ئەم ڕاپەرینە بەشێکی بەرچاوی لە خاکی کوردستانی لەخۆ گرتۆتەوە و شاری بتلیس، سیرت، مووسڵ و ناوچەکانی باشوری گۆمی وان و هتد کەوتونەتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ڕاپەرین. ئەم ڕاپەرینە پاش گیرانی یەزدانشێر لە کاتی وتوێژ لەگەڵ تورکەکاندا، بەرەو کوژانەوە چووە.

ئەمریکا قۆڕقڕۆچکەی ئێرانی گرتوە!

باوان عەلیزادە

ئەمریکا ئەمجارەیان بۆ دژایەتیی ئێران شمشێری لە ڕوو بەستووە. ئەمریکا کە دەزانێ ئابووریی ئێران چەندە بەستراوە بە داهاتی نەوتە، دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە چۆک بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دابدا.

لە دوا سورپڕایزەکانی کابینەی تڕامپ ئەوەیە کە سێ مانگی دەرفەت بە هەموو وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێران داوە کۆتایی بە مامەڵە و گرێبەستەکانیان لەگەڵ ئێران بێنن. دوای ئەو ڕێکەوتە (٤ی نۆڤەمبر) هەر وڵاتێک نەوت لە ئێران بکڕێ، لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆی توندی ئابووریی دەخرێتە سەر. ئەمریکا دەڵێ بۆیە ئەو سێ مانگەمان کات داناوە هەتا کڕیارەکانی نەوتی ئێران بەرەبەرە کۆتایی بە مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتە بهێنن و لەدوای فرۆشیارێکی دی بگەڕێن. عەڕەبستان ڕایگەیاندوە کە دەتوانێ ئەم بۆشاییە بۆ کڕیارانی نەوت پڕ بکاتەوە و نەیەڵێ هاوسەنگیی بەرهەمهێنان و فرۆشی نەوت تێک بچێ.

لە ئێستادا دیپلۆماتەکانی ئەمریکا گەڕێکی نوێی وتووێژ و دانوستانیان لەگەڵ یەکیەتیی یورووپا و بریتانیا دەست پێکردوە بۆ ئەوەی ڕەزامەنیی و هاوڕایی ئەو هاوبەشانەیان وەرگرتبێ. دەوڵەتی تڕامپ دوایە لەگەڵ هیند و تورکیە و چین کۆ دەبێتەوە کە سێ کڕیاری سەرەکیی نەوتی ئێرانن لە ئاسیادا.

ئێران لە ئێستادا ڕۆژانە ٢ میلیون و ٤٠٠ هەزار بۆشکە نەوت بەرهەم دەهێنێ کە دوو لە سێی دەداتە کڕیارەکانی لە ئاسیا و ئەوەی دیکەش بەڕێی وڵاتانی ئورووپای دەکا. بڕی هەنارد و فرۆشی ئێران لە ساڵانی ٢٠١٣_٢٠١٥ کە گەمارۆی قورسی ئابووریی لەسەر بوو، بۆ کەمێک زیاتر یەک میلیۆن بۆشکە لەکەمی دابوو.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا، نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکاندا سەدا ٣ چووە سەرێ، لەولاش وتەبێژی دەوڵەتی ئێران بەهۆی داڕمانی بەهای دراوی نیشتمانیی ئەو وڵاتە دەستی بۆ ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات درێژ کرد کە سامان و پاشکەوتەکانیان بکەنە دۆلار و بیهێننەوە وڵات. محەممەد باقر نۆبەخت هەروەها داوای لە خەڵکی نێوخۆی وڵات کردوە کە چی دراوی پاشکەوت و زێڕیان هەیە، بیخەنە بازاڕەوە؛ داوایەک کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردانەوە گاڵتەجاڕانەی خەڵکی بەدوادا هاتووە. خەڵک وادیارە نۆبەخت لێی تێک چووە و پێی وایە وتەبێژی دەوڵەت دەوڵەتی نیشتمانیی محەممەد موسەدیقە کە ئاوا بە متمانەوە قسە دەکا!

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هێشتا گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بازاڕی دراوی ئەم بە جۆرێک شڵەژا و بایەخی دراوی ئێران ئەوەندە دابەزی کە لە ڕۆژی سێی ڕەزبەردا هەر تاق دۆلارێک بایی ٩٠٠٠ تمەن بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێ ئەو بڕیارە بخاتە بواری جێبێکردنەوە؟ ئایا وڵاتانی ئۆپێک _ئەگەر بیانەوێ ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان ببەنە سەرێ_ و غەیرە ئۆپێک دەتوانن بۆشایی نەبوونی نەوتی ئێران _ ٢ میلیون بۆشکە لە ڕۆژێکدا_ لە بازاڕەکاندا پڕ بکەنەوە. لە ئێستادا عەڕەبستان ڕایگەیاندوە کە بەتەنیا ئامادەیە ڕۆژانە ٦٠٠ تا ٧٠٠ هەزار بۆشکە نەوتی زیاتر بخاتە بازاڕەوە و، ڕووسیەش ڕایگەیاندوە کە لەمساڵدا ڕۆژانە ١٧٠ هەزار بۆشکە زیاتر بەرهەم دەهێنێ. بەڵام ئەوەندە کیفایەت ناکا و وێناچێ بەو ئاسانییە ئەمریکا بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ ببێ. لایەنێکی دیکەی بەربەستەکان ئەوەیە کە ئێران خاوەنی جۆرەها نەوتە کە گرینگترینیان نەوتی قورس و نیوەقورسە کە زۆرتر لە نەوتی وڵاتانی ڕۆژاوای ئەفریقا، ناوچەی ئۆرالی ڕووسیە و باشووری عێراق دەچێ. بەو پێیە بێتوو ئەو وڵاتانە نەتوانن قەرەبووی بڕانی نەوتی ئێران لە بازاڕدا بکەنەوە، وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێران بە ناچار دەبێ بە مەبەستی هاوردەی جۆری نەوتی دی، گۆڕانکاری لە سیستمی پالاوگەکانی خۆیاندا بکەن.

چار چییە و چی لە چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی دایە؟ ئایا دەوڵەت دەتوانێ جووڵەی بازاڕی دراو بگرێتە دەست؟ کارناسانی ئابووری دەڵێن لە ئێستادا دەوڵەت چەندی دراو بخاتە بازاڕەوە لە دەموساتی یەکەمدا بەهۆی نەدینەیی زۆر و بێ پشتیوانی بازارەوە کۆ دەکرێتەوە و لە سووڕی ئابووریی وڵات دەچێتە دەرێ. بە واتایەکی دی سەرچاوە دراوییەکانی دەوڵەت بۆ هاوردەی کاڵا سەرەکییەکان لە قۆناغی گەمارۆکان سنووردار دەبێ، ئابووریی ئێران بەرەو ئابووریی هاوشێوەی ڤێنێزۆلایی دەچێ و لەو سۆنگەیەوە قاتی و قڕی و برسێتیی زیاتر ڕوو لە کۆمەڵگە دەکا. کۆمەڵگەش ئۆقرە و ئارامیی لێ هەڵدەگیرێ و ناڕەزایەتییەکان زیاتر دەبن و بەوەش دەسەڵات بە پاساوی ئەمنیەتی پەنا بۆ سەرکوتی زیاتر دەبا.

ئابووری زانستە و تابعێکە لە بارودۆخی سیاسی، سەقامگیری و پەرەسەندن. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا نەیتوانیوە سیاسەتێکی کارامەی ئابووریی هەبێ و حەسەن ڕووحانی و کابینەکەشی لە خۆڕا کۆشکی هیوایان لەسەر بەرجام هەڵچنیبوو و پێیان وابوو بەرجام دەتوانێ ڕووحێکی نوێ بەبەری جەستەی مردووی ئابووریی تێکتەپیوی ئێراندا بکاتەوە، وەک چۆن لە ماوەی سێ ساڵی دوای بەرجام هیچی لە هیچ نەگۆڕی. بێگومان ئەگەر ئەمریکاش لە بەرجام نەهاتبایە دەرێ و هەر هەموو گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامیش لادەچوون، دیسان پێکهاتەی داخراوی سیاسی و ئابووریی نیزامی زاڵ بەسەر ئێراندا بەرجام بەبێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لەو پێکهاتەیەدا نەیدەتوانی هیچ بکا.

قسە ئەوەیە کە چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە بەرجام و گەڕانەوەی گەمارۆکان لەو نێوەدا تەنیا جارێکی دیکە فەشەلبوونی ئەو نیزامە داخراوە سیاسی و ئابوورییەی دەرخست کە دوادەرەنجامەکەی هەر ڕووخان و هەرەسهێنانە.

حەسەن حاتەمی

ئیسلامی سیاسی
[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

مافی گەلانی ئێران لە بەرنامەی ئاغای ڕەجەویدا

هەڵویستی موجاهیدینی خەڵق لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ماف پێشێلکراوی نافارس لە ئێراندا، لەگەڵ کردەوەکانی دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی جیاوازیی هەبوو. ئەو ڕێکخراوەیە لە گەلاڵەیەکی پێشنیاری لەمەڕ چارەسەری شووڕایی مەسەلەی کوردستاندا، نووسیبووی: «بەگشتی مەسەلەی کوردستان هیچ ڕێگەحەلێکی نیزامیی نییە. ڕێگەچارەی شۆڕشگێڕی و خەڵکی ئەو مەسەلەیە، بەڕەسمی ناسینی مافی چارەنووس و ئیدارەکردنی کاروباری نێوخۆیی ئەوان لەچوارچێوەی تەواویەتیی خاکی وڵاتدا بەدی دێ. (١)

موجاهیدین، لە نامەیەکی سەرئاواڵە لە ڕێکەوتی ١٧/٥/٥٨ بۆ ئا. خومەینی، ڕێبەری شۆڕش نووسیبوویان: گرینگترین مەسەلەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی وڵات مەسەلەی میلییەتەکان و ناوچەکانی کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خوزستانە، کە بەداخەوە تا ئێستا بەرپرسایەتییەکی ئەوتۆمان لە دامەزراوەکانی پێڕاگەیشتن بەو مەسەلانەدا، نەدیتووە. دوور نییە کە بە دەستێوەردانی ئەرتەش کارەساتێکی میللی و شەڕی نێوخۆیی سەرهەڵداتەوە. لە حاڵێکدا، بە شایەتیی تەواوی مێژوو، ئەو مەسەلانە هیچ کات بە زۆرەملی و دەستێوەردانی نیزامی و بە خوێنڕێژی چارەسەر ناکرێن. هەروەها، کام ئەرتەش لە کاتی خوێنڕشتن و کۆشتاری خەڵکی مەدەنیدا، دەتوانێ مەشرووعییەتی هەبێ؟ ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕاستەقینانە، خەڵکی، شۆڕشگێڕی و ئیسلامی چاو لە مەسەلەی نەتەوەکان بکەین؛ گیروگرفتەکان، دەتوانن بێ کەمترین دەستێوەردانی ئەرتەش و هێزە زۆرەملییەکان، چارەسەر بکرێن. (٢)

جگە لەو هەڵوێستە باشەی موجاهیدین، لە بەرنامەی بەربژێریی سەرکۆماریی ئاغای ڕەجەویشدا، خاڵی ٥ تایبەت بە مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا بوو. ئەو مەسەلە، یەکێک لە بەشە هەرە گرینگەکانی پێکهاتەی جوغرافیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و شوێنی کێشە و ململانێکانە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە بنەڕەتییانە و هەوڵدان بۆ چارەسەریان لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژ بە مافی بەرانبەرەوە، ئیمکانی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی گەلانی بەرایی لە ئێران زۆر دژوار دەبێ.

بەگشتی ئەو ١٠ خاڵەی لە بەرنامەی بەربژێریی ڕەجەوی بۆ هەڵبژاردنی بە سەرکۆماریی دیاری کرابوون، ئەگەر ئیزنی پێ درابا و بەکردەوە کاری پێکرابا، ئێستا ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئیمکانی سیستێمکی سەرکەتووی دێموکراسی و پێکەوەژیانی گەلانی ماف پێشێلکراوی نافارسی لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا، تۆمار دەکرد. ئەو ١٠ خاڵە بریتی بوون لە:

١- شووڕاکانی خەڵقی.
٢- یەکگرتوویی دژی ئیمپریالیستی تەواوی خەڵق.
٣- سەربەخۆیی، تەواییەتی خاک و دەسەڵاتی گەل.
٤- ئازادی تەواوی ئەحزاب، بیروبڕواکان، چاپەمەنی.
٥- مافی میلییەتەکان.
٦- ئەرتەشی ٢٠ میلیۆنیی خەڵق.
٧- یەکسانیی ژن و پیاو.
٨- یەکسانیی ئیسلامی، تەشەییۆع و تەسەنوون.
٩- عەرز بۆ وەرزێڕ، کار بۆ کرێکار.
١٠- خانوو، بێهداشت، خوێندن بۆ هەمووان.(٣)

پشتیوانیی کوردەکان لە بەرنامەی ئاغای ڕەجەوی

ئەو بەرنامەیە، پشتیوانیی گەلانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. گەلی کورد و تێکۆشەرەکانی، بەتایبەتی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد ـ کە پێکهاتبوو لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، سەرۆک؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) وەک وتەبێژ؛ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵقی ئێران (لقی کوردستان) وەک ئەندام، پشتیوانییان لە کاندیداتۆریی مەسعوود ڕەجەوی و بەرنامەکەی کرد. پشتیوانییەکان بەم جۆرە لە بڵاوکراوەی موجاهیددا، ڕەنگیان دابۆوە.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان، ئاغای شێخ عیزەدین حوسێنی لە پێوەندییەکی تەلەیفۆنیدا، ڕایگەیاندوە کە: «لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، بەشداریی دەکا و دەنگ بە مەسعوود ڕەجەوی، کاندیدای ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک دەدا. ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەسەرنجدان بە بەرنامەی سەرکۆماری کە لەلایەن سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و هەڵوێستەی لەسەر گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی بۆ کوردستان، کە نیشانەی گرینگیپێدانی تایبەتیی بە داخوازییەکانی گەلی کوردە؛ هەروەها، بەرگریی لە ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا؛ بەرنامەی مەسعوود ڕەجەوی جێی سەرنجی خەڵکی کورد و پەسندی زۆربەی ئەوان دەبێ.

ڕاگەیاندراوی ژمارە ٩ی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد

هاوولاتیانی تێکۆشەر!
خەڵکی خەباتگێڕی کورد!

هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد، بە ڕای گشتی ڕادەگەیەنێ کە، لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، بەشداریی دەکا و دەنگ بە ئاغای مەسعوود ڕەجەوی، بەربژێری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەدا. ئەو بەشداریە لەبەر بوونی لایەنی ئەرێنی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانە؛ بۆ وێنە پێداگریی سەبارەت بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دیفاع لە ئازادیە دێموکراتیکەکان و بە تایبەتی گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی و خودموختاری کوردستان، وەک بناخەیەکی گونجاو بۆ وتووێژ.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد داوا لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان و سەرانسەری ئێران دەکا لەو هەڵبژاردنەدا، چالاکانە بەشداری بکەن و دەنگ بە ئاغای مەسعوود ڕەجەوی، کاندیدای سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران بدەن.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد
١٣٥٨/١٠/٢١
فاتیحی شێخولئیسلامی ٢٦٨٤- ٠٤٤٢١

ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر هەڵبژاردنی سەرکۆماری

هاوولاتییە بەڕێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

هەروەک ئاگادارن، یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە ڕۆژی پێنجەمی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە سەرانسەری وڵاتد بەڕێوە دەچێ. لەوبارەوە بە پێویستی دەزانین، لە ئێستاوە بیروڕای خۆمان، بە ئاگاداریێ هەموو گەلانی ئێران بگەیەنین.

بە سەرنجدان بە رابردووی تێکۆشانی دژی ئیمپریالیستی، میللی و دێموکراتیکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی بەربژێری ئەو سازمانە، برای بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی و بەرنامەیەکی کە لەلایەن ئەویووی ڕاگەیاندراوە؛ بەتایبەتی ئاماژی ڕاشکاوانە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران و قبووڵکرذنی گەلاڵەی ٢٦ مادەیی خودموختاری هەئیەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، وویک بنەمایەک بۆ وتووێژ بەمەبەستی ڕێگەچارەی نیهایی مەسەلەی کوردستان؛ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، داوا لە هەموو ئەندام و لایەنگر و دۆستانی خۆی لە کوردستان و هەموو ناوچەکانی وڵات دەکا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەشداری بکەن و دەنگ بە کاندیدای سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران، مەسعوودی ڕەجەوی بدەن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٤)

سەرچاوەکان

١و ٢ـ مجاهد شمارە ٧، ص ١، ٢٠ مرداد ١٣٥٨.
٣- مجاهد شمارە ١٨، ١٨دی ١٣٥٨ص ١٢.
٤- مجاهد شمارە ١٩، ٢٥ دی، ص ١٠.

پاش ٣٠ ساڵ

حەمەڕەسوڵ کەریمی

دوای ٣٠ ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت، زامدارانی ئەو کارەساتە تا ئێستاش بێ چارەسەر ماونەوە. هەموو ساڵێک ڕۆژی ٧ی پووشپەر، خەڵکی شاری سەردەشت بە یادی شەهیدانی بۆمبارانی شیمیایی ئەو شارە دێنە سەرشەقام و بەکۆمەڵ دەچنە سەر مەزاری شەهیدانی پووشپەڕ لە گۆرستانی گردەسوور و بۆ ماوەیەک خەمەکانیان لەلای ئازیزانی لەدەستچوویان بە خوێندنەوەی بابەت و هۆنراوە و شێعر و سروود بەبا دەدەن.

لە یەکەم مانگی هاوینی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا، پشووی هاوین تەنیا حەوت ڕۆژ بوو دەستی پێکردبوو؛ خەڵک و قوتابیان بەرەو پشووی هاوینیی خۆیان دەچوون، مخابن لەپڕ و لە کاتژمێر ١٦:٣٠ی خولەکی ئێوارە بە گرمە و هاشەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی بەعس و بەچەند تەقینەوەیەک هەموو ئارەزوو و خولیاکانی ئەو شارە بۆ پشووی هاوین و بەرنامەی ساڵانەیان بوون بە ناڵە و ئێش و ئازار. دوای ئەوەی لەلایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقەوە چەند بۆمبێک بە سەر چەند گەڕەکی شاردا بەردراونەوە، لەپڕ شار نوقمی تەپ و تۆزێکی سپی و وێرانی بوو، بە چەند خولەکێک دواتر چەند بۆمبی دیکەش بە سەر گوندەکانی ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپراندا بەردرانەوە و لەوێش زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی و ژینگەیی بەدواوە بوو. ئەم کارەساتە و ئەم ڕووداوە ٣٠ ساڵە بابەت و نووسراوەی جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی پزیشکی لەسەر دەکرێ بەبێ ئەوەی لە ئازاری خەڵکی گیرۆدەبوو بە گازە شیمیاییەکان کەم بکاتەوە، بە پێچەوانەوە هەموو ساڵێک زامداران و گیرۆدەبووان بە گازەکانی ئەسید و خەردەل دوای چەندین ساڵ ژیانی کوڵەمەرگی و هەناسەساردی و بەبێ ئیمکانات سەردەنێنەوە و لە مەزارگەی گردەسوور لەلای خزم و کەس و کاریان بۆ ئەبەد دەستلەملانی خاکی وڵات دەبن.

دوای شەڕی گەورەی دووهەمی جیهانی، سەردەشت وەک یەکەمین قوربانیی چەکی شیمیایی لە جیهاندا ناسراوە و ناونووس کراوە، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمی پێشکەوتنی جیهانی و زانستی دەرمانی و پێشەوەچوونی کاری پزیشکی، هەنووکەش زامدارانی ئەم کارەساتە بە دەم ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوە و وەک بێنازترین و بێدەرەتانترین کەسەکان لەم جیهانەدا ماونەوە و کەس نییە کە ئاوڕیان لێبداتەوە. ڕێژەی شەهید و بریندارەکانی ئەو کارەساتە لە زمان ئایەتوڵڵا ڕەفسەنجانییەوە کە لە نوێژی هەینیی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢دا باسی کردبوو، ٨٠٢٤ کەسن و هاوکات پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٦ و ٦٧دا لە وتارێکی خۆیدا ئاماژە بە شەهید و بریندار بوونی دە هەزار کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت دەکا و جیا لەو کەسانەش وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران هەر ئەو کات لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسیی لە بریندارانی و شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشتی دابوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بەپێی ئەو بەڵگانەش کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دابوونی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی و ئاسایی بوون و پادگان و بنکە سەربازییەکانی حکومەت نەکەوتبوونە بەر ئەو پەلامارە و زەرەر و زیان بە بنکە و بارەگاکانیان نەکەوتبوو و داوایان لە خێرخوازان دەکرد کە بێن یارمەتی بە خەڵکی زامدار و بێپەنای ئەم دەڤەرە بکەن، بەڵام دوای تێپەڕینی ٣٠ ساڵ لەم کارەساتە وەزارەتە پێوەندیدارەکان، بۆ خۆیان هیچ ئاوڕێک لەم شارە بە گاز خنکێندراوە نادەنەوە و بەتەواوی دوای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بە فەرامۆشیان سپاردوە و بە هەزاران کەس لە وەبەرکەوتووانی ئەم کارەساتە مەرگهێنەرە بە دەست ئازار و زامەکانیانەوە دەناڵێنن و لەوپەڕی بێئیمکاناتی و نەبوونی داودەرمان و گاز و ئۆکسیژێنی تایبەتدا، کاتەکانیان بە چاوەڕوانیی چاکبوونەوە تێپەڕ دەکەن.

بەپێی نوێترین هەواڵ لە سەرجەم قوربانییەکانی ئەم کارەساتە تەنیا نزیک بە ٥٠٠ کەس یارمەتیی ماددی و پزیشکی وەردەگرن و لەوانەش تاکوو ئێستا بەشێکیان هەر بەردەوام بەدوای دەرمانی باشتردا دەگەڕێن کە بەهۆی گرانی و کەمبوونی ئەو جۆرە دەرمانانە هەموو کەس ناتوانێ وەدەستیان بخا یان خود بتوانێ بیانکڕێ. لەدوای سی ساڵ نەخوێندنەوەی زامدارانی شاری سەردەشت لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، بەداخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی وەبەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە هەر دێت و بەرەو خەراپی دەچێ و بەشێکی بەرچاو لە زامداران تووشی خەمۆکی و نارەحەتیی دەروونی بوون.

لە قەیرانی دارایی ئێران و گرانی و هەژاری و بێکاری ئەمڕۆی ئێراندا، وەزعی خەڵک بە گشتی بەرەو خراپی زیاتر دەڕوا و ئەو بارودۆخە بۆ زامداران زۆر زیاتر قورسایی لە سەر ژیانیان دەکا؛ ئەگەر جاران تا ڕادەیەک خەڵک بە زەحمەتێکی زۆر دەیانتوانی کەرەسەکانی خۆیان دابین بکەن، بەداخەوە ئەمڕۆ بە هۆی گرانی هەموو جۆرە کەرەسەیەک و بەتایبەت داودەرمان کە چەند قات گرانتر بووە، قورساییەکی زۆر کەوتۆتە سەر زامدارانی شیمیایی و بنەماڵەکانیان و ئەوەش باری سەرشانی هەمووانی زیاتر قورس کردووە. بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست و هەناسەسواری و ئاسم و چاوکڕوزانەوە و کۆخە و زۆر نەخۆشیی دیکە، زامداران بە ناچار ڕوو لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران یان کوردستان دەکەن و ئەوەش بۆ ئەوان جیا لە تەحەمووڵی ڕێگابڕینێکی زۆر و خەرجیی زۆر، هاوکات زۆرجار بەبێ چارەسەرکردن گەڕاونەوە.

چەند ساڵ پێش ئێستا زیاتر لە ١٠٠ پارێزەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆککۆماری ئێران ئاماژەیان بەوە دابوو کە شاری سەردەشت وەک شاری ئاشتی بناسرێ و هاوکاتیش وەبیر حکوومەت و ناوەندەکانی دەسەڵاتیان هێنابۆوە کە دەبێ دەوڵەت هەموو خەرجی و پێداویستییەکان بۆ ئەم شارە دابین بکا و لە یەک ڕستەدا نووسیبوویان کە ئەوە ئەرکی سەرشانی دەوڵەت و حکوومەتە کە قەرەبووی زیانەکانی بەرکەوتووان و قوربانیان بکاتەوە و کەرەسە و نەخۆشخانەی تایبەت و پێویستییەکانیان بۆ دابین بکا. لە بەشێکی دیکەی ئەم نامەیەدا هاتبوو کە لەگەڵ ئەوەدا چەندین ساڵ بە سەر قەبووڵکردنی یاسای ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ ناساندنی زامداران و قوربانیانی شاری سەردەشت تێپەڕ دەبێ، بەڵام مخابن دوای ئەو نامەیەش هیچ کارێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە چەکی شیمیاییان لێ بەکار هاتووە وەک شارەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەریوان، بانە، گوندی زەردە، نۆدشە و نەوسوود و گیلانی غەرب و کرماشان و چەندین شوێنی دیکە نەکراوە و لە هەموو ئەو ناوچانەدا بە هەزاران کەس بە دەست زامی شیمیایی دەناڵێنن و تووشی دەیان نەخۆشی بێچارەسەر بوون. جێگای خۆیەتی لێرەدا بە هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین کە چیدی لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژییەدا بێدەنگ نەبن و لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان لە دونیای دەرەوەدا باس لە نەهامەتی و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی هەموو ئەو شوێنانە بکەن کە بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی خەڵکەکەیان تووشی چەندین جۆرە نەخۆشی و ناسازی بوون و بە گشتی ئەم کارەساتە بە ژینۆساید و قڕکردنی نەتەوەیەک لە جیهاندا بناسێندرێ.

لە کۆتاییدا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە ئەگەر حکوومەتی بەعسی عێراق سەردەشتی شیمیاباران کرد، ئەوە کۆماری سێدارەی ئێرانە کە بە خەمساردی و گوێنەدان بە خواستی زامداران و بەرکەوتووان و هەروەها بە هێرشی ئەنفالی سپی بۆ سەر خەڵک، شاری سەردەشت و ناوچەکە و لاوانی ئەو شارەی تووشی چارەڕەشی و نەهامەتی کردووە و خەریکە بە بڵاوکردنەوە و دروستکردنی شیشە و ماددە هۆشبەرەکانی دیکە هەستی لاوانی سەردەشت و کوردستان خەوشدار دەکا.

بۆ بەگژداچوونەوە و بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەتی لاوان، پێویستە هەموو لایەک دەست بدەینە دەستی یەک و بەڕێوەبەران و دروستکەرانی ماددە هۆشبەرەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن، کە پێکهێنانی ئەو بارودۆخە لە بنەڕەتدا هەر کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی سوپای پاسدارانن.

سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگریی کوردستان و شەهیدانی کارەساتی ٧ی پوشپەری سەردەشت و تەندرووستی و باشبوونەوە بۆ زامدارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاوات دەخوازین و مەرگ و نەفرەت بۆ خوڵقێنەرانی ئەو جەنایەتە سامناکە.

کوردستان
• ژمارە:٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

ناڕەزایەتییەکان لە ئێران دەیسەلمێنن کە ترامپ ڕاست دەکا

نیویۆرک پۆست _ بێنی ئاڤنی
و: کەماڵ حەسەنپوور

لە کاتێکدا کە تیمی ترامپ ناکۆکن لەسەر سیاسەت بەرامبەر بە ئێران، هەندێک دەڵێن وتوێژ بکەین و بەشێکی دیکە لایەنگری فشارخستنەسەر بە ئامانجی گۆڕینی ڕێژیمن، ئێرانییە یاخیبووەکان کە ڕژاونە سەر شەقامەکانی پایتەخت، ئەم کێشمەکێشە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە قازانجی ئەوی دواتر چارەسەر دەکەن.

بازاڕی مەزنی تاران ڕۆژی دووشەممە داخرا و کاسبکارەکان تێکەڵی خۆپیشاندانی سەرشەقام بوون و هەزاران کەس دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم واتە پۆلیسی دژی ئاژاوە وێستان کە هەوڵیان دەدا سەرهەڵدانەکە سەرکوت بکەن. شارە گەورەکانی دیکە بەهەمان شێوە دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی تارانەوە.

خۆپیشاندەرەکان شوعاری وەک «سورییە جێهێڵە، بیر لە ئێمە بکەوە»یان بەرز کردەوە و حیزبوڵڵا، جیهادی ئیسلامی، و حوسییەکان هەموو وەک چەکداری بەکرێگیراو بۆ ستراتێژی بڵاوکردنەوەی «شۆڕشی ئیسلامیی» لە چەشنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە، کەوتنە بەر ڕق و قینی خۆپیشاندەرەکان.

ڕۆژی دووشەممە لە جیاتی دروشمی ڕێژیم واتە «مردن بۆ ئیسرائیل» هەندێک لە دووکاندارەکان دروشمی «مردن بۆ فەلەستین»یان بەرز کردەوە. و لەویش خراپتر، لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە: «بمرێ دیکتاتۆر.»

ئێرانییەکان ئەمساڵ هەر ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. شۆفێری بارهەڵگرەکان، کە توانای کڕینی سووتەمەنییان نییە، مانیان گرتووە. ئەوانی دیکە، لە ناویاندا لایەنگرانی پێشووی ڕێژیم، دژی ماجەراجوویی پڕ تێچوونەکانی ڕێژیم لە ناوچە، لە کاتێکدا کە گیروگرفتە نێوخۆییەکانیان پاشگوێ خراون، وێستاونەوە.

بەشێکی زۆری ئەمانە هۆیەکەی ئەوەیە کە مەلاکان ناتوانن ئابووری بەڕێوەبەرن.

لە چاوەڕوانی ئابلۆقە نوێکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە چاوەڕوان دەکرێ لە مانگی ئاگوست دەست پێبکەن، ڕیاڵی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێنرختر دەبێ، لە کۆتایی ٢٠١٧ یەک دۆلار نرخەکەی ٤٢٨٩٠ ڕیاڵ بوو. ئێستا دۆلارێک بە ٩٠٠٠٠ ڕیاڵە. بۆ خەڵکی ئاسایی، ئەم هەڵاوسانە لە ڕادەبەدەرە بە مانای سفرەی بەتاڵتر، ئەگەر شتێکیان پێ بکڕدرێ. بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئابووری نییە.

ژنان بە شێوەی پەرەئەستێن دەستیان کردووە بە لادانی حیجاب، بە پێجەوانەی یاسا. ڕێژیم لەم دواییانەدا ناچار کرا ڕێگا بە ژنان بدا کە بە ئاشکرا هاندەری تیمی تۆپی پێ لە جامی جیهانی بن. کێبڕکێیەکان لە ڕیگای تەلەفزیۆن و لە ستادیۆمەکان، شوێنێک کە تا ئەم دواییانە تەنیا پیاو ڕیگایان هەبوو سەردانی بکەن، بڵاو دەکرێنەوە.

بەڵام تا ئێستا، زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بە شێوەی سەرەکیی لە شارە بچووکەکانی دەوروبەر بوون. بە بۆچوونی مەسیح عەلینژاد، دانیشتووی بڕوکلین و یەکێک لە داهێنەرانی جووڵانەوەی دژی حیجاب، خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی دووشەممە دەستپێکی فازێکی نوێە.

عەلینژاد پێی گوتم، «ئەوەی کە ڕێژیم زۆر لێی دەترسا دەستی پێکردووە، تاران لە کاتی خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ئەم ساڵ لە ٨٠ شار، ئارام بوو. ئێستا ناڕەزایەتییەکی لەناکاو لە تاران و لەلایەن دووکاندارانێک کە دژی کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەریی ئابوورین بۆتە سەرهەڵدانێکی جەماوەریی دژی ڕێژیم، بە دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆر و مردن بۆ فەلەستین.»

ئەو ئەمەشی زیاد کرد کە ڕۆژی یەکشەممە وەزیری کاروباری دەرەوە جەواد زەریف دژی گۆڕانی ڕێژیم وێستا، و «بۆ من ئەمە نێشانەی ئەوەیە کە ڕێژیم گەلێک نیگەرانە.»

لە هەمان کاتدا، سەرۆککۆمار ترامپ دەیهەوێ توانایی هونەریی خۆی بسەلمێنێ و دووبارە وتوێژ لەسەر ڕێککەوتنی سەرکۆماری پێشوو لەگەڵ ئێران بکا لە کاتێکدا کە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی پشتیوانی لە گەڕانەوە بۆ دیپلۆماسی دەکەن. هۆیەکەی لەلایەن باڵوێزی پێشووی سەرۆک کۆمار جۆرج دەبلیو بوش لە عێراق و ئەفغانستان، زەلمای خەلیلزاد لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست دەستنیشان کرا: «زەختی تاکتیکەکانی ترامپ وێدەچێ نەتوانێ ئێرانییەکان بە چۆکدا بێنێ یا ڕووخانی ڕێژیم لە داهاتوویەکی نزیکدا دەستەبەر بکا، بەڵام هەڵوێستی ناوبراو دەتوانێ ئێرانییەکان بێنێتە سەر مێزی وتوێژ.»

بەڵام خەڵکی دیکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا، لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆڵتۆن هاوڕان، کە لانیکەم تا پەیوەست بوون بە تیمی ترامپەوە، لایەنگری سەرسەختی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران بوو.

دەکرێ؟ دەبێ؟ گۆڕینی ڕێژیم دوای عێراق، ئەفغانستان و لیبی بەدناو بووە. بەڵام چاو لە حەمامی خوێن لە سورییە بکەن، شوێنێک کە ئامریکا بڕیاری دا کە بەرامبەر بە خەبات دژی ڕێژیمێکی شەیتانیی تەماشاوان بێ.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران تا ئێستا ئێمە کاری دروستمان کردووە؛ زەخت خستنەسەر ڕێژیم بۆ بڵاوکردنەوەی خراپە لە ناوچەکە و لە جیهاندا، لە کاتێکدا کە ڕێگا بە ئێرانییەکان دەدرێ کە بەبێ ئێمە بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدەن.

ترامپ زەختی سەر ڕێژیمی زیاد کردووە لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا لایەنگریی لە گۆڕینی ڕێژیم نەکردووە. درێژەدان بەم ڕێبازە یارمەتی ئێرانیان دەکا کە بێزراویی خۆیان دژی سەرکوتکەرانیان پەرە پێبدەن.

هەندێک لەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکە زەخت دەخەنە سەر ترامپ تا پێشنیاری وتوێژ بە خامنەیی و هاوکارەکانی بدا، دڵنیان کە ئەم هەڵوێستە دەستبەجێ ڕەت دەکرێتەوە چونکە لەلایەن «ئیستیکباری جیهانییەوە» پێشنیار کراوە. ئەوان درێژە بە دەلیل هێنانەوەکەیان دەدەن و دەڵێن، بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین ئوروپاییەکان و ئەوانی دیکە دڵنیا بکەین کە ئێمە هەوڵی دیپلۆماتیکی خۆمان داوە بەڵام ئێران مل نادا، کەوابوو ئەوان دەبێ لەگەڵ ئێمە بۆ زەخت هێنان هاوکار بن.

ئەم قوماره لەوانەیە کاریگەر بێ. بەڵام ئەگەر واشبێ، ڕەفتارێکی ئەوتۆ بەرامبەر بە مەلاکان ڕەوایی بەوان دەبەخشێ، و ویستی ئێرانییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتیان کەم دەکاتەوە.

ئەمە وانەیەکی شەڕی ساردە، واقیعگەراکان ناتوانن بیر لەمە بکەنەوە، بەڵام دیکتاتۆرەکان لەناکاو دەڕووخێن. و ئەوکات واقعییەتەکان خێرا دەگۆڕێن.

هەنگاوەکانی داهاتوو؛ ئەودیوی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران

لە مانگی مای، سەرۆککۆمار دۆناڵد ترامپ بەڵێنی بانگەشەی هەڵبژاردنی بردە سەر و لە ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران هاتە دەر، کە بووە هۆی ڕەخنە لە لایەن هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان و مەترسیی تۆڵەئەستێنیی ئێران لە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەی گرت. بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا بەشێکی بچووک لە پازڵەکە بوو شتی گەلێک زۆرتر لە گرەو دایە. ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە هەوڵی خۆی لەسەر ڕێگاچارەی زۆر پێویستی درێژخایەنی ئەودیوی گفتوگۆی دووبارە لەبارەی ڕێککەوتنی ناوکیی چڕ بکاتەوە. ئەمە بە مانای سەرمایەگوزاری لە ناوچەکە، یەکخستنی هاوپەیمانەکانمان و چەسپاندنی ئابلۆقەی توند بەسەر دوژمنەکانمانەوەیە. هەراوهوریاکەی سەر ڕێککەوتنی ناوکیی شوێنەونییەکە کە دەستکردی تارانە. مشتومڕی بێکۆتایی لەبارەی ئەو بڕگەیە کە باسی کاتی دوای هەڵگیرانی بەربەستەکان لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پشکنینەکان لەسەر حیسابی ستراتێژییەکی گشگیرتر بووە. لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆخۆی بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی دەجووڵێتەوە و بنکۆڵیان دەکا، ئەمە "بردنەوەیەکی" ئاشکرایە نەتەنیا بۆ مەلاکان بەڵکوو بۆ ڕێژیمی ئەسەد لە سورییە و لایەنە دوژمنکارەکان لە سەرانسەری ناوچە.

سیاسەتێکی نوێ و بەربڵاو بەرامبەر بە ئێران دەبێ لەسەر ئەم پرەنسیپە دامەزرێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بالادەستیی خۆی لە گشت ناوچەکە لە ڕێگای وەبەرهێنان وەدەست بێنێتەوە. یەکێک دەبێ سورییە و ناوچەی قەیراناوی وەک عێراق دووبارە ئاوەدان بکاتەوە، و ئەگەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ئەم کارە نەکەن، بێگومان دوژمنانمان ئەم کارە دەکەن. ئەگەر ئێمە پێش بە سەرمایەی ئاوەدانکردنەوە بگرین، وەک ترامپ کردوویەتی، شارە وێرانەکانی وەک حەڵەب، ئەمە تەنیا ڕێگا بۆ تاقمە تاوانکارەکان وەک سپای پاسدارانی ئێران خۆش دەکا تا بەشە ئەندازیارییەکانی خۆیان کارا بکەن و پێگەی ئایدیۆلۆژیکی خۆیان بەهێز بکەن. ئێمە بەرگەی بۆشایی ڕێبەرییەکی دیکە ناگرین، کە تەنیا دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی پێشمەرجەکانی کە جاری پێشوو بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش. پاشان، سەرەڕای بەڵێنی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەبارەی دانانی قەڵای ئیزۆلەکردن لە دەوری ئامریکا، هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دڵنیا بوون لە سەقامگیریی پێویستە لە ناوچەدا بمێننەوە. ئێمە هەر ئێستا دەبینین کە کاتێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر ئەرد بێهەڵوێستە، ڕووسیە کەڵک لە هێزی خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵی بڕیاردەر وەردەگرێ. ئەم هەڵسوکەوتە لە وتوێژەکان لەبارەی پێگەی ئێران لە ناوچەی هێمنی باشوور دەبینین. ئیسرائیل حیساب لەسەر کرەملین تا باڵی ئێران بقرتێنی لە ترسی لەو ترسانە کە دەستکەوتەکانی ڕێژیمی ئەسەد نەکەونە مەترسییەوە دوای شەڕە مووشەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل و هێزەکانی ئێران. بەڵام مۆسکۆ سەلماندوویەتی کە زەمانەتکەرێکی جێگای گومانە لە سورییە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی چەکی شیمیاییەوە. سەرەڕای هەوڵی پوتین لە ٢٠١٣ کە ویستی بە گوێرەی کۆنوانسیۆنی ١٩٩٧ لە بارەی چەکی شیمیایی قەناعەت بە بەشار ئەلئەسەد بێنێ کە سەرجەم چەکوچۆڵە شیمیاییەکانی لەناو ببا، خۆی وەک ئەندامێکی بەرپرسیاری کۆمەڵگەی نانەتەوەیی نیشان بدا، لێکۆڵینەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نیشانی داوە کە ڕێژیمی سورییە "بەشێک لە جبەخانەی شیمیایی خۆی، کە گریمانە دەکرێ لە سەرانسەری وڵات و لە پێگەی جیاوازدا شاردبێتەوە،" و ڕووسیە لێکدا لێکدا پێشی بە نوێکردنەوەی مێکانیزمی پشکنینی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندنی بەرپرسیارەتیی هێرشە شیمیاییە بەردەوامەکان گرتووە. بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە حزووری لە ناوچەکە هەبێ پێویستە. لە کۆتاییدا، لە واشینگتۆن تێرۆریزمی شیعە شایانی باسلێکردنە. بەتایبەتی کۆنگرە لەم ڕوانگەیەوە بێ هەڵوێست بووە. تازەترین پێشنیار بۆ کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازیی لەلایەن سێناتۆرەکان باب کۆرکەر، ئار تێن و تیم کاین، بە ئاشکرا تێرۆریزمی سوننەیان کردۆتە ئامانج، بەڵام بەرامبەر بە ئامۆزا شیعەکەی ناڕوونە. ئەم لێڵبوونە پەیامی هەڵە دەنێرێ، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵە چڕەکانی دوژمنەکانمان. لەبیرتان بێ کە شیعە میلیشیاکانی بەکرێگیراوی ئێران لە سورییە، کە ڕێژەیان دەگاتە ٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ و لە جەنگاوەری بیانی پێکهاتوون، بە گوێرەی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناڤێن، شەڕکەری لێهاتوون و تاقیکراونەوە، و بێگومان هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری ناوچەکە دەکەن. ئەمە بەتایبەتی جێگای نیگەرانییە چونکە میلیشیا شیعەکان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن بێسنوور دەبن. لە ژانوییەی ٢٠١٥ حەسەن نەسروڵڵا خۆی هەڵنایەوە کە هێزە شیعەکان بەرزاییەکانی گوڵان و باشووری لوبنان وەک بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئیسرائیل بەکار دێنن. ئەوان بە هەمان شێوە بەجەرگتر دەبن، وەک بەڵگە دەکرێ ئاماژە بە سەردانی ئەم دواییانەی فەرماندەی عەسائیب ئەهلەلحەقی عێراقی، قەیس خەزعەلی بۆ سنووری لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل بکەین. ئەمە جگە لە بنکەی بەرهەمهێنانی مووشەکی هەنگێوی تاران لە لوبنان و سورییەیە. جێی مەتمانە نەبوون، نیوە هەنگاو و لە سینگدانی جارجارەکیی نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دەمێکە کاتی ئەمە هاتووە کە بە جیددی و بە وردی بەرپەرچی مەترسیی ئێران بدەینەوە. سەرمایەگوزاریی لە ناوچە، پشتیوانیی لە هاوپەیمانەکانمان و پێشگرتن بە دوژمنانمان گەلێک لە شەڕەو دندووکەی واشینگتۆن لە بارەی چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران باشترە.

***

یو ئێس نیوز_ جایسۆن برادسکی
کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

لە حوجرەوە

شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی

عادل مەحموودی

کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە هەموو ژیانی خۆیان فیدای ساتێک خۆشی و ئازادی بۆ گەلەکەیان دەکەن. شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی لە هیچ فیداکارییەک دریغی ناکرد و ٣٥ ساڵ لە تەمەنی سەربەرزانەی خۆی فیدای ئەو ئامانجە کرد.

شەهید مەلا ڕەسوڵ ساڵی ١٣١١ی هەتاوی لە گوندی شیناوێی سەر بە شاری پیرانشار لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا لەدایک بوو. تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانە خوێندی و بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی کردە حوجرەی فەقێیان و دوای هەموو بڕینی قۆناغەکانی خوێندن بووە مامۆستای ئایینی.

مامۆستا مەلا ڕەسوڵ گەردی زۆر جوان لە ئایین گەیشتبوو، و بە هیچ جۆر لەگەڵ توندوتیژی نەبوو. ئەو مرۆڤێکی پاک و خاوێن، خزمدۆست، شۆڕشگێڕێکی ماندووبینەناس، نەترس و ئازا، داوێنپاک و گەلدۆست و مێهرەبان بوو.

مەلا ڕەسوڵ لە ساڵی ١٣٣٢ ڕوو دەکاتە کاری سیاسی و پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دادەمەزرێنێ و ساڵی ١٣٤٠ ژیانی هاوبەش پێک دێنێ. لەو ماویەدا تا دەگاتە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ـ٤٧ وەک کەسێکی چالاک و بەڕپرسی حیزبی لە ناوچەی پیرانشار تێکۆشانی هەبووە. دوای ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ـ٤٧ بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کەوتنە بەندیخانەی ڕێژیمی پاشایەتی و شەهید مەلا ڕەسوڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە گیرا و لە زیندانی جەڵدیانی پیرانشاردا بەند کرا. پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر نێردرایە بەندیخانەی ورمێ و چەند مانگێک لەژێر سەختترین ئەشکەنجەکانی ساواکدا خۆی ڕاگرت و بەربەرەکانێی کرد. ئەو پیاوی ڕۆژی تەنگانە بوو، قەت ئەشکەنجە و ئازار نەیتوانی ئیرادەی پۆلایینی ئەو تێکۆشەرەی دێموکرات بشکێنێ و هەر لەو سۆنگەیەوە سزای چوار ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپا.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی گەشایەوە و ئەو ڕۆژەی ئارەزووی دەکرد و خەباتی بۆ دەکرد هاتە دی. ئەو بە تەواوی وجوودییەوە کەوتە چالاکی و تێکۆشان. ڕۆژ ڕۆژی مەلا ڕەسوڵ بوو. خەڵکی هان دەدا کە دوا ئاسەوارەکانی نیزامی گەندەڵی پاشایەتی لەنێو بەرن و دەست بەسەر دامودەزگا حکومییەکاندا بگرن. هەر لەگەڵ دامەزرانی ڕێکخراوی حیزب لە پیرانشار بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا و پاشان لە هەموو ماوەی ساڵانی ٥٨ تا ساڵی ٦٣ بەهۆی خۆشناوی و دەنگدانی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنفرانسەکان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردرا و دواتر بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی پیرانی پیرانشاری گرتە ئەستۆ.

شەهید مەلا ڕەسوڵ کادرێکی بە ئەزمونی سیاسی ـ تەشکیلاتی بوو کە زۆر زوو دەیتوانی جێگای خۆی و حیزبەکەی لەنێو دڵی زەحمەتکێشانی شار و لادێدا بکاتەوە.

مەلا ڕەسوڵ گەردی لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی بە دژی جاش و پاسدارەکانیشدا ئینسانێکی بەغیرەت و بەشەهامەت بوو. شەڕی جەڕان و گوندی دەشتی گەنمان و زۆر شەڕی دیکە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە چۆن لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری، سەنگەری دەگرت و بڕوا و هیممەتی دەدانێ.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ شەهید مەلا ڕەسوڵ لەگەڵ کاک سەید عەلی هاشمی بۆ سەردانی ماڵ و منداڵەکانی دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان. دوژمن بۆ زەربەلێدان لە مەلارەسوڵ و باقی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەردەوام لە پیلان دانانەوە دابوو و هەمیشە لە دەرفەت دەگەڕا بۆ ئەوەی زەربەیان لێ بدا. سەرئەنجام بە هۆی چەند جاشی سەنگەسەری کە پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هەبوو، پیلانەکە جێبەجێ دەکرێ. کاتێک شەهید مەلا ڕەسوڵ و کاک سەید عەلی هاشمی لە سەنگەسەر میوانی شەهید قادر لاجانی دەبن، شەوێ دەوریان دەدرێ و لە چوار لاوە لە سەربان و لە حەوشەڕا دەستڕێژیان لێ دەکرێ. لە ئاکامدا بە داخەوە کاک قادر لاجانی شەهید دەبێ و مەلا ڕەسوڵ و کاک سەید عەلی بریندار دەکرێن و دواتر بەداخەوە کاک سەید عەلی بە هۆی قورسیی برینەکەی لاقێکی لە دەست دا.

مەلا ڕەسوڵ گەردی لە سەرەتای سالی ١٣٦٣ی هەتاوی تا کۆنگرەی ٧ لەسەر داوای کۆمیتەی شارستانی پیرانشار کاری قەزایی لەو کۆمیتەیەی وە ئەستۆ گرت و دواتر لە بەشی قەزایی زیندانی ناوەندی حیزب کاری بەڕێوە برد و بەرپرسایەتیی ئاسایشگای حیزب ئەرکێکی دیکە بوو کە بە سەرکەوتوویی گرتیە ئەستۆ.

شەهید مەلا ڕەسوڵ خاوەنی چوار کوڕ و سێ کچە. دوو لە کوڕەکانی وەک باوکیان هەر بە تەمەنی لاوەتی ڕێبازی دێموکراتیان هەڵبژارد و تا ئێستاش کە لە هەندەران دەژین ئەو ڕێبازەیان بەر نەداوە. مەلا ڕەسوڵ گەردی ڕێزی زۆری لە خێزان و منداڵەکانی دەگرت و هەڵسوکەوتی زۆر دێموکراتانەی بەرامبەر هەموویان هەبوو. شەهید مەلا ڕەسوڵ هونەردۆست بوو، ڕێزی زۆری بۆ هونەر و هونەرمەندان دادەنا. هەر کە زانی کوڕەکانی هۆگریی هونەرییان هەیە و کاری هونەری دەکەن پێشی پێ نەگرتن و تەنانەت هانی دەدان کە لەسەر کارەکەیان بەردەوام بن.

ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٩ی سێپتامبری ١٩٩١ی زایینی، کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی، کاتێک خۆر گزینگی دەر کردبوو، بەهۆی خۆفرۆشانی سەر بە ڕێژیمی ئاخوندی ماشێنێکی مینرێژکراو بە کۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوە تەقێندرایەوە و مینیبووسی حیزبی کرا بە ئامانج کە بنەماڵە و کادرەکانی حیزبی بەرەو نەخۆشخانەو شوێنی کار دەبرد. بە هۆی ئەو جینایەتەوە مەلا ڕەسوڵ گەردی، حەسۆ عەلیپور و جەلیل مامایی شەهید بوون و بەشێکی زۆر لە سەرنشینەکانی مینیبووسەکە بریندار بوون. بەو جۆرە لاپەڕەیەکی دیکەی تاوان و تێرۆر بە کارنامەی ڕەشی ڕێژیمی ئێرانەوە زیاد کرا.

ڕووحی شەهید مەلا ڕەسوڵ شاد و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.

کوردستان
• ژمارە ٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

هەڵبەی شانۆ و شۆڕش

برایم چووکەڵی

نەعرەتەی پێشمەرگە لە سوێسنایەتیی سەردەشتەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی چەند دەیەی شۆڕشگێڕانە و بێپسانەوەی ئەو بەشە لە کوردستان، بە بەرخۆدانی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی نووسراوەتەوە. ڕابردووی خەباتی پڕ لە سەروەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پڕاوپڕ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کادر و پێشمەرگەکانیەتی و، لە پێناو وەدەستهێنانی ویست و داخوازە ڕەواو لەمێژینەکانیدا لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە چۆکدا نەهاتووە و بە خوێن و قارەمانەتیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئاڵای خەباتەکەی هەر شەکاوە ڕاگرتووە.

ئەو حیزبە لە دەسپێکەوە تاکوو هەنووکە لەو شانازییە مەزنە بێبەش نەبووە کە بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوبەند و زنجیری بێدادی، گیانی پاکی باشترین ڕۆڵەکانی کردۆتە دەسمایەی خەبات و خوڕاگریی بێوچانی. مێژوویی پڕ لە شانازی و پڕ سەروەریی حیزبەکەمان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە ڕابردووی خەباتی چەندین ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و خۆڕاگریی خۆیدا، ئەم حیزبە خەباتکارە پشت ئەستوور بە پشتیوانیی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەکی ڕۆڵە فیداکارەکانی لەبەرانبەر ڕێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا، درێژەی بە خەبات داوە و ماندوویی نەناسانە بەرەو تروپکی ڕزگاری هەنگاوی ناوە.

کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی دەسکەوتەکانی ئەو خەباتە خوێناوییە بەدرێژایی تەمەنی نگریسی خۆی دەستی لە پیلانگێڕی هەڵنەگرتووە و جیا لەوەی سیاسەتی ئاسیمیلەکردن و لەنێوبردنی حیزبی دیموکراتی گرتۆتەبەر. هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەبەردەوامی بۆ زەوتکردنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد پەلاماری کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان و هەر ڕۆژێ لە شوێنێ و ناوچەیەک، جینایەت و قەتڵوعام و دەربەدری و ئاوارەیی بۆ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان خوڵقاندووە، هەر بۆیە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە نارەوایەی کۆماری ئیسلامی بووە کە ڕۆڵە ئازا و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بۆ بەرگریی لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردووە. یەکێک لەو پەلامارە درندانەیە، هێرشی مەغوولئاسا بۆ سەر ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت بوو.

هێزەکانی ڕێژیم ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشتیان بۆ پەلامار و جینایەت قوڵقێنی هەڵبژارد. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە ڕێژیم بە هێزێکی چەند سەد کەسی بە پشتیوانیی تۆپخانە و هێلیکۆپتیر پەلاماری ناوچەی سویسنایەتیی دا. ئەگەرچی پێشتر ڕێژیم لەو ناوچەیە چەند جار هێرشی کردبووە سەر گوندەکانی شینوێ، بێزیلێ، گۆرانگا، وشترمل، توژەڵێ گەڵوو، زێوە، بناوە و بێشاسب کردبوو و تێک شکابوو، بەڵام دواجار ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دوژمن لە شاری سەردەشتەوە بە هێزێکی بێئەژمار و تەیار بە چەکی جۆراوجۆر و بە پشتیوانیی تۆپخانەیەکی قورس هێرشی کردە سەر ئەو گوندانە. لەبەرەی خەڵک و پێشمەرگەدا قارەمانەکانی هێزی موعینی و هێزی بەرگری بە سەر ١٥ دەستەدا دابەش بوون و بڕیاریان دا کە تامی تاڵی شکست بە هێزی کۆنەپەرستی بچێژن و زەبری کاریگەریان لێ بوەشێنن؛ هەر بۆیە دوا بڕیار ئەوە بوو تا هێزی دوژمن نەخەنە نێو داوێکی گەورەوە باسی نەکەن.

تاریک و ڕوونی بەیانیی ئەو ڕۆژە لە هەموو قۆڵەکان شەڕ دەستی پێکرد و زۆری نەبرد هێزی زۆر و زەوەندی ڕێژیم شپرزە کرا. بە بەرزبوونەوەی خۆر لە سەعاتی ٩ی بەیانی ٣ هێلیکۆپتیری ڕێژیم بۆ پشتیوانی لە هێزە بەزیوەکانیان هاتنە مەیدانی شەڕ، بەڵام نەیانتوانی لەبەر چەکی ڕۆڵەکانی دێموکراتدا خۆ ڕابگرن و شەڕگەکەیان جێ هێشت. سەرلێشیواوی و شپرزەیی هێزەکانی ڕێژیم بەجۆرێک بوو کە تۆپخانەکەشی وەستابوو. هێزی دوژمن ڕووی لە هەر لایەک دەکرد لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری ڕووبەڕوو دەبوو و تێک دەشکا.

شەڕەکە دوو ڕۆژی خایاند و بە شکستی دوژمن کۆتایی هات. ئەو هێزەی ڕێژیم کە بڕیاری دابوو خەڵکی ئەو ناوچەیە بەهێزی پیشمەرگەوە قەتڵوعام بکا، بەڵام بینی کە خەڵکی ناوچە و هێزی پێشمەرگە بوو دەرسێکی وایان دادان قەتیان لەبیر نەچێ و تاڵەواری مەرگیان پێ چێشتن. لەو بەربەرەکانییە قارەمانانەدا تەرمی سەدان کەس لە هێزی دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مان و ڕێژیم هیندە تاسابوو کە بردنەوەی تەرمی کوژراوەکانیان چەند ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی ڕادیۆ کوردستانەوە ڕاگەیەندرا کە ئامبوڵانسەکان ڕێگەیان پێ دەدرێ بێن و کەلاکی هێزە شکستخواردووەکەی ڕێژیم بەرنەوە.

پاش تەواوبوونی شەڕ و شکستی قورسی دوژمن، شەهید دوکتور قاسملوو سەردانی شەڕگەی کرد و پێناخۆشبوونی خۆی سەبارەت بە ژمارەی زۆری کوژراوەکانی ڕێژیم ڕاگەیاند و نەیشاردەوە کە ئەو سەدان کەسە بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەرخوازانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد. هەڵبەت ئەو سەرکەوتنە بەهای خۆی هەبوو، بەهاکەش خوێنی ئاڵی و ژیانی پڕشکۆی پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدوڵلا هەمزەنیژاد ناسراو بە عەوڵای ماماغای بنوخەڵەف بوو.

شکستی هێزی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا لە چەند لایەنەوە جێگای سرنجە.

یەکەم؛ بەشێک لە بنکەی سەرکردایەتیی حیزب لەو ناوچەیە بوو و ڕێژیم پێی وابوو ئەگەر بتوانێ داگیری بکا خەباتی حیزبی دیموکرات خاشەبڕدەکاکە بۆی نەچووەسەر.

دووهەم؛ بە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، دواتر دەست بە ڕەشەکوژی بکا و خەڵکی ناوچەی سوێسنایەتی وەک سەرووکانی و حەڵبی و نیەر دەربەدەر بکا، کە ئەو خەونە چەپەڵەشی نەهاتە دی و ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە.

سێهەم؛ ڕێژیم بۆی دەرکەوت کە کە حیزبی دێموکرات بەهۆی ئەو پشتیوانییە بەرینەی لەنێو خەڵکی خۆیدا هەیەتی، ئەو هێزە نییە بتوانێ وەک هێزەکانی دیکە سەرکوتی بکا؛ وەک چۆن هەر بە پشتیوانیی ئەو خەڵکە جەندەکی سەدان کەس لە هێزەکانی لە شەڕگەدا بەجێ ما و نەیتدەتوانی بشیان باتەوە و، دواتر هەر لە ڕێگەی خەڵکەوە بۆ ئەوەی نەخۆشی لە ناوچەدا بلاو نەبێتەوە؛ توانیی دەستی پێیان ڕابگا.

قۆناغی کۆتایی ڕکەبەرییەکی دێرین

(دەسەڵاتێک کە قەیرانی لەگەڵ خۆی هێنا و قەیرانیش لەگەڵ خۆی دەیبا)



ئەیوب شەهابی ڕاد

ڕکەبەرییەکی دێرین و لە هەمان کاتدا لە بڕاننەهاتوو، پێناسەیەکی گشتییە بۆ کۆی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی ئێران و سیستەمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی. وڵاتێک کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ (قۆناغێک کە هەڵگری گەورەترین گۆڕانکاری و دەسکەوتەکان بوو لە پێناو بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی)، تا هەنووکەش لە خەبات و ڕکەبەرییەکی بەردەوام دایە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی دواڕۆژی خۆی. بێگومان ئەم ململانێیە بە پێچەوانەی بۆچوونی باوی ڕێژیمەکان، جگە لە دەسەڵاتی داسەپاو لەگەڵ هیچ کەسی تر نەبووە و نییە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کات تووشی داماوی لە بەڕێوەبردنی وڵات و تەریککەوتنەوەی نێوخۆیی و جیهانی بووە، هەم خۆی و هەم بەشێک لە ڕەوتە سیاسییە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵێکی جیددی دان تا هەم ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان ببستەنەوە بە خودی ئەم سیستەمە و هەم هەموو قەیران و خواستەکانی کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لە پرسی ئابووری و چارەسەرکردنی ئەم بابەتەدا کۆ بکەنەوە.

پرسی ئابووری یان هەمان دۆخی ئابووریی ئێران یەکێکە لەو دیاردە نایابانە کە هاوشێوەکەی تەنیا دەتوانین لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی دیکەدا بدۆزینەوە. وڵاتی ئێران بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هیچکات ڕووی گەشە و پەرەسەندێکی ڕاستەقینەی ئابووریی بەخۆیە نەبینیوە، تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی ئەم ئیدیعایە پێویستیت بە کەمترین ئامار و کاری مەیدانی هەیە. ئەو حەجمە زۆرە لە قۆرخکاری، ناشەفافی و هەڵاواردن، ئەو ژمارە خیاڵییانە لە دزی، گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی وڵات، لە پێناسە سەرەکییەکانی ئابووریی ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەن.

لەم ڕۆژانەدا و بەر لە دەسپێکردنی نارەزایەتییەکانی بازاڕی تاران، ناوکی ئیستبدادی سیاسی لە ڕێگەی فەرماندەکانی سپای پاسدارانەوە ناڕاستەوخۆ ڕایگەیاند کە لەم دۆخە ئابووریییەی ئێستادا، دەوڵەتی ڕووحانی، هەم بەرپرسیاری سەرەکییە و هەم ئەگەر نەبێ باشترە. ئامانجەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە: بەستنەوەی هەموو قەیران و کێشەکان بە پرسی ئابووری و نیشاندانی بێتوانایی کابینەی دەوڵەت.

خەڵکی ئێران پاش نزیک بە ٤ دەیە ململانێ لەگەڵ ئەم ڕێژیمە، بە جۆری ڕەفتار و ڕوانگەیان بەرامبەر ئەم سیستەمە، وڵامی سێ بابەت و پرسیاری سەرەکییان هەم بە ئەزموونکردن داوەتە و هەم گەیشتوونەتە دوا قۆناغی کۆتایی هەڵوێست و بڕیاری واقعبینانەی خۆیان بە نیسبەت کۆی ئەم سیستەمە پاسیڤە.

یەکەم؛ ئەزموونی دەوڵەت و سەرکۆماریکی هەڵبژێردراوی خەڵک بە زۆرترین دەنگ!

دووهەم، ئەزموونی دەوڵەت و سەرکۆماریک کە هەڵبژێردراوی خودی خامنەیی بوە!

سێهەم؛ ئەزموونی بەستنەوەی قەیرانی ئابووری بە گەمارۆ ئابووریییەکان!

ئەنجام و وڵامی ئەم سێ بابەت و پرسیارە گرینگە لە نێو دۆخی ئێستای ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی ئێران دایە. لە کام یەک لەم سێ شوێنکاتەدا خەڵکی ئێران لانیکەم ڕووی گەشەی ئابوریی بەخۆیەوە بینی؟ کام یەک لەو ئامارانەی کە زۆرجار هێندێک لە ڕەوتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان پێی شاگەشکە دەبوون بۆ یەکجار لە نێو ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەدا ڕەنگی دایەوە؟ جگە لەوەی کە هەموو ئامارەکان تەنیا یاریکردنێک بوون بە ژمارەکان؛ ژمارەی هەڵاوسان، بێکاری و هتد. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ژمارە و ڕێژەی هەژاری و بێدەرەتانیی زۆرینەی خەڵکی ئێرانە کە هەموو هەوڵ و شرۆڤەیەکی پۆپۆلیستانەی دەسەڵاتداران و هاوئاوازەکانی پووچەڵ کردۆتەوە.

دەسەڵات و مافیای خامنەیی و سپای پاسداران سەلماندوویانە کە نە لە سیاسەت و نە لە ئابووریدا شەریکیان ناوێ. بۆیە سیستەمی ئابووریی ئێران نەتەنیا ناچێتە خانەی ئابووریییەکی دەوڵەتیشەوە، بەڵکوو بە تەواو مانا فۆرم و پێکهاتەیەکی مافیایی_ چەتەگەرانەی هەیە کە «بەیتی ڕەهبەری» و دارو دەستەکانی دەستیان بەسەردا گرتووە و بەڕێوەی دەبەن.

باشبوونی دۆخی ئابووری بێگومان یەکێک لە خواستە سەرەکییەکانی خەڵکە، بەڵام ئایا بە ڕاستی بەربەستەکانی بەردەم چارەسەرکردنی پرسی ئابووری کامانەن و توانایی و ویستی کابینەکانی دەوڵەت دەتوانێ لەوەی ئێستا زیاتر بێ؟ زۆربەی ئەو کابینە و دەوڵەتانەی هاتوونە سەرکار، لەپێوەندی لەگەڵ پرسی ئابووری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێ بەر یەککەوتنیان لەگەڵ «بەیتی ڕەهبەری» هەبووە، بەڵام هەروەک باس کرا کۆی ڕێژیم نە تەنیا لە هیچکام لە دەرفەتەکانی بەردەمی کەلکی وەرنەگرتوە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخەکەی خراپتر کردوە، بەشێوەیەک کە هەرجۆرە هەنگاوێکی کرداری لەپێوەندی لەگەڵ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری ڕاستەوخۆ لێدانە لە دەسەڵات و وەرگرتنەوەی زۆرێک لە ڕانت و ئیمتیازە ئابووریییەکانی باندی خامنەیی و سپای پاسداران.

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە چارەنووس و خواستی نەتەوەکانی ئێران تەنیا بەربەستکراو لە چارەسەرکردنی پرسی ئابووریی و قەیرانەکانی پێوەندیدار نییە، چوونکە پرسی سیاسەت و ئابووری لە ئێراندا دوو ڕەهەندی سەرەکییان هەیە کە پێویستە هەم کۆمەڵگە خۆی لێ دەربباز بکا و هەم بوونەتە چالشێکی ڕووخێنەر بۆ کۆی سیستەمی دەسەڵاتدار.

یەکەم؛ هەر جۆرە هەوڵێکی چارەسەرخوازانە بۆ قەیرانی ئابووری (ئەگەر چاکسازییانەش) بێ، پێویستە لە خانەی تەنیا پلاندانان و شرۆڤەکردنێکی ڕووتەوە دەربباز بێ و ڕاستەوخۆ ڕووی لە «بەیتی ڕەهبەری» و بازنەی ئیستبداد بێ لەپێناو دوورخستنەوەیان لە قۆرخکاری و چەتەگەریی ئابووری.

دووهەم؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە جگە لە ئابووریی وڵات لە ڕێگای سەرکوت و داگیرکارییەوە هەموو پرس و ڕەهەندەکانی دەسەڵاتداریی بەشێوەیەک وێران و تێکەڵ بەیەک کردوە کە لە دۆخی ڕووخێنەر و کارەساتباری مرۆیی ئێستادا، ئەگەر خواستی چاکسازییەکی لانیکەمیشی هەبێ، جیا لە نەمانی خۆی یان گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە.

ئەم ئاڵۆزی، نیگەرانی و شانتاژانەش کە بە بەردەوامی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوە، یان کەسایەتییە بەناو سەربەخۆکان، لە نێو بیروڕای گشتیی جیهان و ئێراندا دروستیان کردوە و بڵاوی دەکەنەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بێ پێگەییان لە نێوخۆ و ترسیان لە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ئێراندا. بێگومان ئەم جۆرە ئاخاوتن و هەڵوێستانە هەم بەرژەوەندخوازییەکی ڕووتی گروپی و شۆڤێنیستین و هەم هەمیشە ڕێگرێکی سەرەکی بوون لە بەردەم خەباتی نەپساوەی گەلانی ئێران لەپێناو مافە ڕەواکانیاندا.

پێوەندیی پڕ لە خەبات و ڕکەبەریی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی داسەپاو، پێوەندیی گەشەکردن و مافخوازیە لەبەرامبەر تالان و سەرکوتکردن، کە تا هەنووکەش هیچکامیان کۆڵیان نەداوە. بە ڕاستی لێکدانەوە و هەوڵی بەردەوامی ئەم گرووپانە دەتوانێ لەوە زیاتر بێ بنەما و لەسەر بۆشایی بێ کە پێشنیار بە خامنەیی و دەوروبەری بکەی دۆخی ئابووری باش بکەن و نەخشەڕێگایەک بۆ داهاتووی کۆمەڵگە دابڕێژن! یان دوای نزیک بە ٤ دەیە باس لەوە بکەی کە کۆمەڵگە چیی دەوێ یان چی بکا باشە؟

گەلانی ئێران لەپێناو ماف و خواستەکانیاندا هەمیشە یەکگرتوو و بەردەوام بوون. ئەوان بە ئاستێکی بەرزی وشیاری، دەمێکە بێدەنگیان شکانەوە و خواستەکانیان بە ئاشکرا بە هەموو جیهان ڕاگەیاندوە. ئەم خەبات و ڕکەبەرییە دێرینە نە تەنیا دەرفەتی بەلاڕێدا بردن بە هیچ لایەنێک نادا، بەڵکوو بەڕوونی دیارە کە گەیشتۆتە دوا قۆناغەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی خۆی.

کوردستان
• ژمارە:٧٢٩
١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٦ی جولای ٢٠١٨

خەونەکانی بەر باران

ڕزگار ئەمین نژاد

نازانم بەدەنگی باران بوو لە خەو هەستام یا بەدەنگی شۆڕەشۆڕی شێرەی ئاوەکە، ڕەنگە ئەو خەونە شوومە دایچڵەکاندووم. نازانم، بەڵام لە بیرمە خەونم دەبینی، خەونێکی یەکجار سەیر. لە خەونەکەما باران دەباری و کەچی هەور بە ئاسمانەوە نەبوو. خۆر بە تاقی ئاسمانەوە وەک تۆپێکی کریستاڵی دەبریسکایەوە و باران تەڕی دەکرد. لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵ هەڵدەهاتم، باران بەخووڕ دەباری، بەدەم ڕێگاوە گۆرانیم دەگوت، لە خۆشیانا لەبەر ئەو بارانەدا هەڵدەبەزیم کەچی تەڕ نەدەبووم. زۆر کەیفخۆش بووم، وابزانم لەبەر ئەوە بوو کە بەیانی ڕۆژی پشوودان بوو. ئێوارانی پێش ڕۆژی پشوودان هەمیشە دڵخۆشم دەکەن. لە خەونەکەمدا شتی دیکەشم بینی، بەڵام ناوێرم باسی بکەم. دایکم دەڵێ: «ئەگەر خەونی ناخۆشتان بینی، بۆ کەسی مەگێڕنەوە. قامکتان بخەنە بەر شێرەی ئاوەکە و بەدەنگێکی نزم خەونەکەتان بگێڕنەوە با ئاو ببا». وەها نزم کە تەنانەت بۆخۆشم گوێم لێ نەبێ.

دایکم ئێستا بەسەر شێرەی ئاوەکەدا کۆم بۆتەوە و قامکی گرتۆتە بەر ئاوەکە. ئاوی شێرەکە وەک سەهۆڵ ساردی ساردە. ڕەنگە قامکی هێندە سڕ بووبێ کە لەبیری چووبێتەوە شێرەی ئاوەکە بگرێتەوە. لەبن خۆیەوە ورتەورتیەتی و وەک سێبەرێکی هەراسان بە ژوورەکەدا دەگەڕێ. گوێم لە هیچ نابێ، وابزانم بۆخۆشی دەنگی خۆی نابیستێ. ئەم ماوەیە هەموومان خەونی ناخۆش دەبینین و نیوەشەوان چەندجار ڕادەچڵەکین، بەڵام لە ترسی دایکم کەس ناوێرێ خەونەکەی بگێڕێتەوە. جاران خەونەکانمان چیرۆکێکی خۆش بوون، نۆرە بەنۆرە بۆ یەکترمان دەگێڕایەوە. هێندێ جار چیرۆکی خەونەکانمان درێژتر و بەتامتریش دەکرد. خەونگێڕانەوەکانی ئەو ساڵانە وەها درێژ دەبوونەوە کە زۆر جار گومانمان دەکرد کە داخوا خەون بوو بینیمان، یاخۆ خەونمان دادەهێنا. ئێستا ئیتر ئەگەر بوێرین خەونەکانیشمان بگێڕینەوە، لە ترسانا وەهای کورت دەکەینەوە کە خورپە نەچێتە دڵی دایکمان.

شەوان کە لێفەکەم بەسەر خۆمدا دەدا، تەمەننای خەونێکی خۆشم دەکرد کە لە خەونی خوشک و براکانم خۆشتر بێ. تەمای خەونبینین وای لێ دەکردین کە زووتر بچینە نێو جێگا، چاوەکانیشمان وەها دەقونجاند کە لەبیرمان دەکرد گڵۆپی ژوورەکە بکووژێنینەوە و دواجار بەو ئاواتەوە خەومان لێ دەکەوت. دایکم دەیکوت: «خەو وەک مردن وایە، کاتێ تێدەگەی خەوتووی کە بەئاگا دێیتەوە. دەنا هەر وەک مەرگ وایە، مەرگێکی کاتی». بەڵام هەموو خۆشییەکانی ئەو مەرگە کاتییە لە خەون بینینەکەیدا بوو. من ئەو کات بڕوام هەبوو خەویش مردنە و دڵنیاش بووم مرۆڤ لەکاتی مەرگدا خەون دەبینێ. خەونی مەرگەسات وەها خۆشە کە مرۆڤ دەسبەرداری نابێ و نایهەوێ بەئاگا بێتەوە. ئێمە بۆیە بەئاگا دێینەوە چوونکە خەونەکانمان بە نیوەچڵی دەبینین، رازی نابین، هەڵدەستینەوە تاکوو شەوێکی دی خەونێکی زۆر زۆر خۆشتر ببینینەوە، لەو خەونانەی تەزووی بەتام ئەدا بە ڕوح و وای لێ دەکا جەستە جێ بێڵێ. دڵنیام ئەگەر ڕۆژێ خەونێکی وەها خۆش ببینم، قەت ئارەزووی هەستان نەکەم، وەک داپیرە کە لەکاتی گیانەڵڵادا چاوی لە درگاکە بڕی و گوتی: «ڕۆڵە حەیا بتانگرێ، ئەوە حاجییە لەبەر درگا وەستاوە، بۆ لەبەری هەڵناستن؟» دواتر چاوەکانی لەسەر یەک دانا و زۆری نەخایاند خەوی لێکەوت، خەوێکی ئەبەدی. ئەو هەموو شین و شەپۆڕ و خۆکوتانەش نەیتوانی لە خەوی هەستێنێ. فێنکایی خەونە خۆشەکەی باپیرم وای لە داپیرەی داماو کرد کە ئیتر ئارەزووی هەستان نەکاتەوە.

ئێستا ئیتر هەر من و دایکم بە ئاگا نین، هەموومان بە دەنگی لێدانی درگاکە داچڵەکیوین. خەو لە چاومان پەڕی و دایکم وەک شۆڕەبییەکی کز لە نێوەڕاستی ژوورەکەماندا دەلەرزی و هێزی ئەژنووی نەبوو بچێ درگاکە بکاتەوە. ناڵەی درگا و گرمەی هەورەتریشقە لەو حەوشە تاریکەدا دەنگی دەدایەوە. ترسابووین، زراومان چووبوو. دایکم گوتی: «ئەرێ ئەمشەو کەی ڕۆژ دەبێتەوە، خوایە گیان؟» منیش لە بن لێفەکە بیرم لەوە کردبۆوە کە بۆچی ئەمشەو هێندە درێژە و بنی نایە؟ زۆر دەترسام خۆر جارێکی دی هەڵنەیەتەوە و خەونێکی زۆر زۆر خۆشی بە شەوەوە ببینیبێ کە تەمای هەستانەوەی لەبیر چوبێتەوە. کە درگا کرایەوە، حەوشەکەمان پڕ بوو لە پیاو، پیاوی باڵا بەرز، پیاوی قەڵەو، پیاوی کز، پیاوی سمێڵ زل، پیاوی پیر، پیاوی کورتەباڵا، پیاوی خوساو و پیاوی قوڕاوی. پیاوانی ئاوایی بە پانەوە خۆیان بە حەوشەکەماندا کرد و لەبن ئەو بارانەدا دایکمیان گەمارۆ دا. ئەو هەموو چاوە لە تاریکایی حەوشەکەدا بز بز وەک چاوی گورگ دەبریسکانەوە.

باران دەباری، بەخوڕ دەباری. ڕەنگە بارانیش خەونێکی خۆشی بە عەرزەوە ببینیبێ کە تەمەننای برانەوەی نەدەکرد. بە گۆزە دەهاتە خوار و هەورەکان تا دەهات چڕتر دەبوون. کە دایکم خۆی بەژوورەکەدا کرد بە خوشکە گەورەکەمی کوت: «ئاگات لەو چەتیوانە بێ، درگا لەکەس نەکەیتەوە!» ئەوجار دەستی من و براکەمی گرت و بەدوای خۆیدا پەلکێشی کردین. کاتێ لە حەوشە دەرکەوتین هەر شەو بوو، ئەنگووستەچاوێک بوو کە لە تاریکیش تاریکتر بوو و بارانیش تا دەهات توندتر دەبوو. لەگەڵ ئەو پۆلە پیاوەدا بەرەو جادەکە هەڵگەڕاین. لەوێ سواری دوو دانە «سێ ئێف» بووین. دایکم نەدەگریا و منیش پێم سەیر بوو. تەنانەت ترسەکەشی نەما. وەک کۆخێکی چۆڵ دەچوو دوور لە ئاوایی، کۆخێکی تاریک، کۆخێک پڕ لە سۆزی تەنیایی. لەبەر خۆیەوە دەیکوت: «ئەوە چ خەونێک بوو بینیم خوایە گیان؟»

ساڵان چیرۆکەکانیشمان بە خەونەوە دەستی پێ دەکرد. کاکە مەم لە خەوندا عاشقی زین بوو، بەڵام خەونەکەی زین بە نیوەچڵی کۆتایی هات بۆیە مەم لە خەو هەستا. خواش زۆرجار دەچووە خەونی پێغەمبەرەکان و قسەکانی خوا بە زمانی خەون دەگێشتە ئیماندارەکان. جارجار خواش دێتە خەونی ئێمە. خەونە خێرەکان خەونی خواین، بەڵام خۆی پیشانمان نادا، قسەش ناکا، لە شوێنێکی خەونەکانمان هەیە و نییە. سەرم دەرنەدەکرد، گێژ ببووم و نەمدەزانی بۆچی مەرگ و خەو، خەون و خوا، وەها لە یەک نزیکن. حەزم دەکرد لەم کاتەدا خەوم لێ بکەوێتەوە و دونیا لە خەونێکی زۆر زۆر خۆشدا ببینم. خەون بە هەتاوێکەوە ببینمەوە کە وەک تۆپێکی کریستاڵی لەبن باراندا تەڕ دەبێ، من گۆرانی بڵێم، سبەینێش قوتابخانە داخرابێ و ئاسمان هەوری پێوە نەبێ. حەزم دەکرد خەونەکەی ئەمشەو لەسەرڕا ببینمەوە، بەڵام نەگەمە کۆتایی خەونەکە و بەئاگا بێمەوە.

لە نزیک سنوور ماشینەکان ڕایانگرت. ئێمەش لەگەڵ ئەو هەموو پیاوە دابەزین و بە کێوێکدا هەڵگەڕاین، ڕێگایەکی سەخت و هەڵدێرێکی ترسناک بوو و منیش چەند دەترسام. کات بە لارەلار بەرەو ڕووناکی هەڵ دەکشا، بەڵام هەورەکان تا دەهاتن چڕتر دەبوونەوە و بارانیش هەدادانی نەبوو. هەستم کرد وەک خەونەکەم لە بن ئەو بارانەدا تەڕ نابم. چاوم بە ئاسماندا دەگێڕا بەشکەم خۆر وەک تۆپێکی کریستاڵی ببینم کە باران تەڕی دەکا. لە کێوەکە ئاودیو بووین و سەربەرەو خوار داگەڕاین تا گەیشتینە شیوێکی پڕ لە ئاو. لەودیو شیوەکە کۆڵێک کەوتبوو و لەو تاریک و ڕوونەدا وەک وێرانەی قەڵایەکی چۆڵ دەچوو. شتەکانی بەملاولای کۆڵەکەدا بڵاو ببوونەوە و قوڕاوی بوون. کە نزیکتر بووینەوە چاومان بە پیاوێک کەوت، پیاوێکی هیلاک کە لەتاو ماندوویەتی خەوی لێکەوتووە و بەسەر شیوی ئاوەکەدا کەوتبوو. وابازنم خەونی دەبینێ، لەو خەونانەی کە زۆر زۆر خۆشن، تەزووی بەتام ئەدەن بە ڕۆح، وەک هەڵم سووکمان دەکا و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێین، لەو خەونانەی نیوەچڵ نین و تەمای هەستانەوەمان لێ دەبڕێ. بە ئارامی لەسەر دەم ڕاکشا بوو. باسکی وەها درێژ کربۆوە کە دەتکوت قامک بۆ ئاوی شیوەکە دەبا. خاڵێکی تۆخ لەسەر تەختی پشتی دیار بوو و چوار دەوریشی سووری سوور هەڵگەڕابوو، وەک بەشی کۆتایی خەونەکەی دوێشەو؛ لە خەونمدا باوکم لە گۆمێکی خوێناویدا مەلەی دەکرد، بانگی دەکردم، پێ دەکەنی و دەیگوت: «وەرە کوڕم، مەترسە. وەرە بۆلای باوکی خۆت با فێری مەلەت بکەم!»

دایکم بە بازێک لە شیوەکە پەڕییەوە، چووە سەر کۆڵەکەی باوکم و شتە قوڕاوییەکانی دەوروبەری کۆ کردەوە. کۆڵەکەی دا بە پشتیدا و بە پیاوەکانی کوت: «هەڵیگرن، پەلە بکەن دەی تا یەکدوویەکی دیکەیان لێ نەکوشتووین.» دایکم نەدەگریا و منیش زۆرم پێ سەیر بوو، نازانم چۆن دەیتوانی ئەو کۆڵە قورسە هەڵگرێ و بەم شاخە سەختەدا هەڵگەڕێ. دایکم ئیتر ئەو شۆڕەبییە کزە نەمابوو کە دوێشەو لە چەقی ژوورەکەماندا هەڵدەلەرزی، ئێستا ئیتر وەک ئەو کاریتەیە دەچێ کە بانی ماڵەکەمانی ڕاگیر کردووە. کاریتەیەکی وشک، ڕەق، کۆم، بێورتە و تادێ پیرتر. پیاوەکانیش بە پەلە و بە چوار دەستان باوکمیان هەڵگرت و لێ نەگەڕان قامکی بگاتە ئاوی شیوەکە. باران بە لێزمە دەباری، ئێستا ئیتر هەوریش دەباری و ئاوا بڕوا ڕەنگە ئاسمانیش درزی تێکەوێ و وەک شوشەی شکاو بەسەرماندا هەڵوەرێ. سەرم دانەدەگرت و بەدەم ڕێگاوە هەر چاوم بۆ تۆپێکی کریستاڵی دەگێڕا لە ئاسماندا کە باران تەڕی بکا، بەڵام هیچ دیار نەبوو.

ئەو نامانەی ئەستێرەکانی ئاسمان لەژووان دان بۆی

هەرێم حەسەن

شەوێک بەدیار تۆوە

ئەم شەو دڵم ئاهێکی بێکۆتایی دایگرتووە، سەیرە تا ئەوپەڕی دنیا بڕ دەکا. ئەمشەو ناتوانم تێر لە باوەشت بگرم، چونکە ناتەوێ خەیاڵە سیحراوییەکان و هەناسە شەکەتەکانم لە باوەش بگری. ناتەوێ لەشەقەی باڵ بدەیت و هەنگاوە لەرزۆکەکانم وەئاگا بێنیەوە. ناتەوێ شەپۆل و ئاهی گریانەکانم ئارام بکەیتەوە. ناتەوێ لەباوەشی یەکدیدا بارگاوی ببینەوە. ناتەوێ ببینە سەرمەشقی کاروانسەرای ئەو دورگانەی جگە لە عاشقە بێنازەکانی زەمەن هیچی دی لە خۆی ناگرێ.

تکایە لێم نزیک مەبەرەوە. خۆت دەزانی چەندە تینووم بۆ ئەو گریمانانەی کە کەوانەکانیان بە دەستی تۆ ناکرێتەوە.

ئیدی ئەمشەو ڕۆحم لە جەستەم جیابۆتەوە و ناتوانێ لە خودی خۆمدا بمێنێتەوە، بیرم ناچێ نەتویست ڕۆحم لەژێر چەتری خۆتا ڕابگری، بۆیە بە قەدەرت سپارد.

ئاخ... گوناهی من تەنها ڕێکردن بوو بەرەو باوەشە لەرزۆکەکانت، تەنها پەیبردن بوو بە زەنگی شەوێکی یەڵدا. گوناهی من... تەنها گوزەرکردنێک بوو بەنێو ترسە بێنازەکانی تۆ. گوناهی من بینینی ئەو چرایە بوو کە ڕووناهیەکەی بۆ من نەبوو. گوناهی من ماچێک بوو زوو هەڵوەری و نەگەیشتە جێ. قەدەری من کۆکردنەوەی ئەو گەڵایانە بوو زوو هەڵوەریبوون لە گێژاوی ئەم زەمەنە و فەنا ببوون و بێ پرس کەوتبوونە خوارەوە.

ئەمشەو هەناسەکانی تەنیاییت سووتاندم و وشە ناسک و پڕ مێهرەکانت خستە زیندانی ئەبەدی...

ئیدی لەمەودوا ناژیم تا بە باوەشە ئارامبەخشەکانی زەمەن بگەم، دەژیم تا ژیان بە سزای عەشق بگەیەنم...

میوانداری

«پێمخۆشە جیرانی تۆبم
هەمیشە میوانی تۆبم»

خانمەکەم سەیرە تا ئێستا ڕانەهاتووم بەو شێوە میوانداریە گەورەیەی تۆ دەمکەی، ئاخر نیگات لەپێشوازیی هەناسەکانم چۆک دادەدەن، چۆن لەمیوانداریت تێر ببم تۆ ڕۆح دێنیتە سەما، شەونم وەدەنگ دێنی، پاساریەکان دەلاوێنی، چۆن لەمیوانداریت تێر ببم ڕۆژ نیە میوانداریی تۆ نەمتاسێنێ، ساتێ نییە ئاوازی میوانداریت ڕۆحم تەی نەکا و سەمفۆنیای «ژیان تەنها لای تۆیە» نەژەنێ، تۆ لە ئاوازی تەنیایی مندا جوانترین و ناسکترین ڕیتمی ئەوینی دەزانی زۆر سەیر خووم گرتووە بەو هەناسانەت. کاتێ کە میوانداریم دەکەی، لای من دڵێک لەدایک دەبێ، ڕەنگێکی تر بۆ پەلکەزێڕینەی ژیانم زیاد دەبێ، پەروانەیەکی تر لەسووتان دوور دەخرێ، کوچەیەکی تر لە قەدەری من دەڕازێنیەوە.. دەزانی کاتێ بۆ لای تۆ دێم و دەبمە میوانت مەستی تۆ هەنگاوەکانم بە خوڕتر دەنووسێتەوە و بیرم دێنێتەوە کاتێ سروشتم لەئامێز گرت، چۆن شەڵاڵ بووم لەئەوینت...

دەزانی هەستت پێدەکەم و دەزانم تۆ میوانداریی بەفر دەکەیت و ناهێڵی گەرمای بێ و بتوێتەوە... دەمەوێ ئەوەشت بیربهێنمەوە هەرگیز ناڵێم ناتوانی میوانداریم بکەی، گەر وابڵێم مەرگی خۆم ڕادەگەیەنم و ئاوازی سروشت ڕادەگرم، خەندەی گزنگی بەیانی دەنێژم، تووڵەڕێی باخەکانی خەیاڵ ون دەکەم، ناتوانم مەستیی شەوێک لەزیکری خۆمدا بدوێنم...

دەزانی میوانداریت وەک منداڵێکی ساوا ڕامدەژەنێ و دەملاوێنێ، بۆیە حەزدەکەم تا قیامی قیامەت لەخەڵوەتابم، تا بتوانم دەنک دەنک مرواریی باوەشت بهۆنمەوە و ببێتە پێناسەی ژیانم... دەزانی لەمیوانداریت بۆنێک لەدڵەوە ڕایچڵەکاندم، وەک بڵێی تا ئێستا هیچ بۆنێکی ترم هەست پێنەکردبێ، ڕۆحی بەبەردا کردمەوە و بەرەو کەناری ئارامی بردم... دەزانی تۆ لەمیوانداریت بەرد دێنیتە سەما، ڕووبار لەشەپۆل دەوەستێنی و با لەگڤە دەخەی... ئاخر بۆچی میوانداریی منێک دەکەی پڕم لەگریانی زەمەن، تەژیم لەهەنیسکی بێئومێدی، لێوانلێوم لە نالەنالی دڵم و تەنانەت لەمەرگدا دەژیم...

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 729 6 july 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647507548621

Tashkilat.kdp92@gmail.com

نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن

«نرخی نەوت و خوێن» بەڵگەنامەیەکە لەبارەی هاتنەبەرباسی پەروەندەی تێرۆری کوردەکان (دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر و فازیل ڕەسوول) لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئوتریشدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم بەڵگەنامەی کردووەتە کوردی و ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

لەو بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتی ئوتریش لە مانگی مای ١٩٩٧دا بە بانگکردنی وەزیری دەرەوە بۆ پارلمان بۆ ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانی ئەوان لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەن، داوای پێکهێنانی کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە دەکەن، هەوڵێک کە سەر ناگرێ.

پاش دادگای بڕلین، ڕووداوی کوژرانی دوکتور قاسملوو لە میدیای ئوتریشدا، جارێکی دی زەق کراوە. نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە پارلمانی ئوتریش، کێشەکەیان بردەوە نێو پارلمان و داوای کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەی پارلمانیان کرد کە پاش لێکۆڵینەوە لە هەموو زانیاری و بەڵگە نهێنییەکانی دەوڵەت، بتوانێ ڕاستییەکان لە پارلماندا ڕوون بکاتەوە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامی باس لە سەر «کوژرانی کوردەکان» و هۆکاری هێنانەوە کایەی ئەو کێشەیە پاش ٩ ساڵ، شەڕە دەندووکە و هەوڵی بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکان و بەکارهێنانی ئەو چەشنە کێشانە بۆ بەرژەوەندیی حیزبی، «گەیشتن یا ڕاگرتنی دەسەڵات»، بڕێک تارمایی لێڵ لە سەر ئەو ڕووداوە فەرامۆشکراوە هەڵدرایەوە و بوو بە بەڵگەیەک بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد کە هەم جێی تێڕامان و هەم دەرس لێوەرگرتنە.

داهاتی ئەشکەوتی سەهۆڵان دەچێتە گیرفانی بەرپرسانەوە



خەڵکی گوندی سەهۆڵان سەر بە شاری مەهاباد لە گەندەڵییەکان سەبارەت بە دزینی داهاتی «ئەشکەوتی سەهۆڵان» بەهۆی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە ناڕازین.

خەڵکی سەهۆڵان دەڵێن کۆی داهاتی ئەو ئەشکەوتە کە ڕۆژانە سەدان کەس سەردانی دەکەن دەچێتە گیرفانی چەند مۆرەی دەستنیشانکراوی ڕێژیم و ئەم تاڵانکردنە لە حاڵێکدایە کە هەر بەپێی خودی یاساکانی کۆماری ئیسلامی داهاتی شوێنە گەشتیارییەکان سەرەتا دەبێ خەڵکی ناوچەکە لێی پشکدار بن و لە ئەولەوییەتدا بخرێتە خزمەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ناوچەکە. بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم دەستیان بەسەر ئەو شوێنە گەشتیارییە داگرتووە و خەڵکی گوندی سەهۆڵان و ناوچەکەش لە خزمەتگوزارییەکان و داهاتی ئەو شونە بێبەشن. چالاکانی مەدەنی دەڵێن زۆربەی هەرە زۆری شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان وەک ئەشکەوتی قۆریقەڵای شاری پاوەش هەر هەمان چارەنووسیان هەیە.

بەڕێوەچوونی سێیەمین ڤستیڤاڵی گێلاس لە شنۆ

سێیەمین ڤستیڤاڵی وەرزی و کولتووریی «گێلاسی شنۆ» لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی، ٣١ی جۆزەردان و١ی پووشپەڕدا خەڵکێکی زۆری لە دەوری یەک کۆکردەوە.

ئەو ڤستیڤاڵە بە ئاواز و گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی ڕازایە و لەدرێژەی کاری ڤستیڤاڵەکەدا قوتابیانی ئاوایی شێخان، گەمە و یارییە کۆنەکانیان لەپێش چاوی بەشداربووواندا نواند.

لە بەشێکی دیکەی ڤستیڤاڵی دوو ڕۆژەی گێلاسی شنۆ، چەندین غورفە و خێوەتی جیاجیا بۆ پێشاندانی چەشنەکانی گێلاسی شنۆ و، کاری دەستی و فێرگەی زمانی کوردی هەڵدرابوو، کە سەرنجی میوانەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

مەبەستی سەرەکیی لە بەڕێوەچوونی ڤستیڤاڵی گێلاس، ناساندنی شاری شنۆ و تایبەتمەندییەکانی لەباری کشتوکاڵ و ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەران و گەشتیارانە بە مەبەستی گەشە و پەرەپێدانی ئابووریی ئەو ناوچەیە.

شایانی باسە لە کوردستان بە دەسپێشخەریی و هاوکاریی ئەنجومەنە فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکان ساڵانە چەندین ڤستیڤاڵی هاوشێوە وەکوو، ڤستیڤاڵی هەناری هەورامان لە پاوە، ڤستیڤاڵی ترێ لە سەردەشت و ڤستیڤاڵی تووت فەرهەنگی لە سنە بەڕێوە دەچێ.

لە سلێمانی، قەڵادزێ و بۆکان یادی چریکەی کوردستان بەرز ڕاگیرا

لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چەندکۆڕیادی جیاوازدا یادی حەسەن زیرەک، هونەرمەندی گەورەی کورد بەرز ڕاگیرا.

«ماڵی ماملێ» لە شاری قەڵادزێ بەبۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک کۆنسێرتێکی بەڕێوە برد. بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە شاری سلێمانیش یادی ئەو هونەرمەندەی کردەوە.

لە یادەکەدا پەیکەری هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ماڵی سۆفی کەریمی سەراج پەردەی لەسەر لادرا و، هاوکات لە باخچەی سەرای سلێمانی کۆنسێرتێک پێشکەش کرا. لەو کۆنسێرتەدا ناسر ڕەزازی، ئیحسان زیرەک و کاروانی نەی گۆرانییەکانی زیرەکیان گوتەوە.

«دامەزراوەی فەرهەنگی و هونەریی زیرەک» لە شاری بۆکانیش لە پارکی زیرەک هەڵکەوتوو لە کێوی «ناڵەشکێنە» و لەسەر مەزاری مامۆستا زیرەک کۆڕیادێکی بەڕێوە برد. لەو کۆڕیادەدا کۆمەڵێک شاعیر بەرهەمەکانی خۆیان لە پەسنی زیرەکدا خوێندەوە و چەند هونەرمەندێکیش بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک کۆڕەکەیان ڕازاندەوە. هەر لەو شارە و «ئەنجومەنی ئەدەبیی فێرگەی ئەدەب»یش لە کۆڕیادێکی دیکەدا یاد و بیرەوەریی حەسەن زیرەکی بەرز ڕاگرت. لەو کۆڕەشدا بە خوێندنەوەی شێعر، گێڕانەوەی بیرەوەری، گوتنەوەی گۆرانییەکانی نەمر زیرەک، خوێندنەوەی وتار و هەروەها بە حەیران و نایە؛ یاد و ناوی حەسەن زیرەک بەرز ڕاگیرا.

حەسەن زیرەک زیاتر لە ١٥٠٠ گۆرانیی هەیە و بەشی زۆری شێعری گۆرانییەکانی خۆی وتوویەتی، ناوبراو ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی، لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی جەرگ و گەدە ماڵئاوایی لە ژیانی هونەری کرد.

بەر لە ماڵاوایی

ژیوار ڕەسوڵی

دوالیزمی یاریزانی خۆیی و تیمی بێگانە لە تۆپی پێدا

یاری تۆپی پێ جیهانێکی هاوتەریب لەگەڵ جیهانی سیاسەتی دروست کردووە. ئەگەرچی فیدراسیۆنی جیهانیی تۆپی پێ ڕێکخراوەیەکی تەواو وەرزشی و دوور لەسیاسەتە، بەڵام هەندێک پارامێتری گرنگ لە یاریی تۆپی پێدا هەن، کە خۆڕسک ئەو یارییە دەکاتە کایەیەکی تەواو سیاسی؛ مادام سەرکەوتن و دۆڕانیشی تێدایە، مادام مرۆڤ چ وەکوو هاندەر و چ وەکوو یاریزان سەنتەرن، مادام وڵاتان ئامادەن چەندین میلیارد دۆلار خەرج بکەن، و فێڵ و لۆبی بۆ ئەوە دەکەن کە میوانداریی یارییەکانیان بەربکەوێ، لە هەمووشیان گرنگتر مادام سەرمایە و ناوبانگ ڕۆلی سەرەکی لە یاری تۆپی پێدا دەگێڕێ، کەواتا تۆپی پێ گۆرەپانێکی هاوتەریبی سیاسەتە و لە هەندێک کاتیشدا تۆپی پێ لەسیاسەتمەدار بێ منەتە، بەڵام سیاسەتمەدار خۆیان بە یاریزان و تیمەکانی تۆپی پێ هەڵ داوەسن.

یاری تۆپی پێ وەکوو سیاسەت دەتوانێ بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بەهێز یان لەنێویان ببا، بۆ نموونە وڵاتانی شەرکەری شەری یەکەمی جیهانی بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕ لەنێوان بەریتانیا و ئەڵمان ڕاگیرا و سەربازانی ئەو دوو بەرە دژبەیەکە پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد، لە ئۆلەمپیکیشدا بۆ ماوەیەک لەپێناو یارییەکاندا ئاگربەست ڕاگەیاندرا، بەڵام زۆرکاتیش وەکوو یارییەکانی ١٩٧٢ی مونیخ ئۆلەمپیک و بەتایبەت یاریی تۆپی پێ بووە گۆڕەپانی خۆ دەرخستن و پاکانە حیسابەکان.

یاری تۆپی پێ بە گشتی هیچ پێویستییەکی بە سیاسەتمەدارەکان نییە، چونکە ڕەوایی خۆی لەو سەدان میلیۆن هاندەر وەرگرتووە، کە ڕۆژانە لە یاریگاکان و لەبەردەم شاشەی تیڤییەکان سەیریان دەکەن، بەڵام سیاسەتمەدارەکان زۆریان پێویست بەو چوارگۆشە سەوزە هەیە. بەر لە هەموو شتێک ئەو وڵاتانەی کە فڕە نەتەوە و ئایینزان و یان ئەو وڵاتانەی کە بۆشایی مێژوویان بۆ ڕەواییدان بە خۆیان هەیە و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر حوکمڕانییان دەکا، هەوڵ دەدەن شوناسێکی یەکدەست لەڕێگەی وروژاندنی پێکهاتە جیاوازەکان لەسەر خاڵێکی هاوبەش دروست بکەن. نموونەی زۆری شۆڤێنیستی بۆ ئەو باسە دروشمی تیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە موندیالی ڕووسیەیە، دروشمی «٨٠ میلیون و یک ملت» و « یوزهای پارسی» دەیهەوێ شوناسێکی ساختە و جەعلی دروست بکا. ئەو ئێرانەی کە تیمەکەی لە موندیال بوو، فرە نەتەوە و ئایین و ئایینزایە، مێژوویەکی یەکدەستی نییە، لە قۆناغە جیاوازەکاندا و تاکوو ئێستا لە هەندێک ناوچەی نێوخۆی ئێرانیش وەکوو داگیرکەر سەیر دەکرێ و مەقبووڵیەتی گشتی نییە. دروشمی «یوزهای پارسی» لەکاتێکدا بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران هەوڵی چەسپاندنی دەدرێ، کە لە ١١ یاریزانی سەرەکیی یاری نێوان ئێران_ ئیسپانیا و ئێران_ پورتوغال تەنیا یەک یاریزانیان فارس بووە، ئەوانیتر هەمووی کورد، عەرەب، تورکمەن، گیلەک و مازەندەرانی بوون و هیچ یەک لەو نەتەوانە خۆیان بە پارسی نازانن، تەنانەت هاندەرەکانیشیان ڕێگەی شارەکەیان بۆ ڕووسیەیان بە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیانەوە بڕیوە. کەواتا سیاسەتمەداران دەیانهەوێ ژینگەی جامی جیهانی تۆپی پێ بۆ نیشاندانی وڵاتێکی یەک نەتەوە و یەکدەست نیشان بدەن، بەڵام هەر وەکوو لە کاردانەوەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و جۆرە جیاوازەکانی هاندانی تیمی ئێران دەرکەوت، ئەو فێڵ و تەڵەکانە سەر ناگرن.

لەو نێوەدا زۆربەی سیستەمە سیاسییە دیکتاتۆرانە لە ڕێگەی سیمبول دروستکردنی وەهمی و سرودی یەکدەست و تێکستی حەماسی و مێژوویی دەیانەوێ وڵاتێکی فرە پێکهاتە و تەنانەت فرە مێژوو لە چوارچێوەی تیمێکی تۆپی پێدا یەکدەست نیشان بدەن، وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایش کە پەنابەران پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گۆریون، ئەو گرفتەیان هەیە و ئەو هەوڵەش دەدەن.

تۆپی پێ ئەو گۆڕەپانەیە کە هەوڵ دەدا زۆرینە بۆ قبووڵکردنی کەمینە هان بدا، هاوکات هەوڵیش دەدا بەبێ هەوڵدان بۆ تواندنەوەی پێکهاتەیەک هەستێکی هاوبەش لەنێوان کەمینە و زۆرینەدا دروست بکا، نموونەش تیمی ئیسپانیایە، هەموو هاندەر و چاودێر و پسپۆرانی تۆپی پێ دەزانن کە بۆ نموونە «پیکێ» یاریزانێکی کاتالانییە و تەنانەت لەدوا ڕیفراندۆمدا دەنگی بە سەربەخۆیی کاتالان داوە، بەڵام ئەوە ڕێگریی لێ نەکردووە کە لە تیمی ئیسپانیادا ڕۆلی سەرەکی بگێڕێ. ئەوە لەکاتێکدایە کە تیپی تۆپی پێی ئێران ٥ یاریزانی کوردی تێدایە، بەڵام تەنیا عەلیرەزا بەیرانوەند بە کورد دەناسین، هۆکارەکەش ئەوەیە کە خۆی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئێرانی دەیهەوێ تەنانەت ئەوەش بشارێتەوە، یاریزانەکانی دیکەش تەنیا لە ڕێگەی ویکیپێدیا دەتوانرێ شوێنی لەدایکبوونیان بدۆزرێتەوە، بەهیچ شێوەیەک ڕاگەیاندنی فەرمیی ئێران قسە لەسەر کوردبوون یان عەرەببوونی یاریزانەکان ناکا، هەموویان بە «یوزی پارسی» دەناسێنێ!

هەوڵی سیاسەتمەدارەکان بۆ بەکارهێنانی تۆپی پێ بۆ دروستکردنی وڵاتێکی یەکدەستی نەتەوەیی زۆر جاران ئەنجامی پێچەوانەشی هەبووە، سوپای پاسدارانی ئێران پێیو ابوو دەتوانێ بە دروستکردنی تیمی تراکتۆرسازیی تەوریز ڕای گشتی ئازەرییەکانی ئێران بگرێتەدەست، هەر بۆیە سەدان میلیۆن دۆلار لە تراکتۆرسازی خەرج کرا، بەڵام لە ئەنجامدا پان تورکەکان توانییان دەست بەسەر هەستی هاندەرانی تراکتۆرسازیدا بگرن و خاوەندارییەتی نەتەوەیی لە تراختۆر بکەن، کاتێک دەیان هەزار هاندەری تراختۆر لەپرێکدا ئاراستەی دروشمەکانیان دەگۆڕن، ترسێکی قووڵ لەلای بەرپرسانی ئێران دروست دەکا، هەر ئەوەش وایکرد ئەمساڵ سوپای پاسداران ئیمتیازی باشگای تراکتۆرسازی بفرۆشێ، ئەوەش سەرەتای کۆتاییهێنان بەو تیمەیە. ئەو چیرۆکە بۆ تیمی «شیرین فەراز»ـی کرماشان و لەئاستێکی بچووکتردا بۆ «سەردار»ی بۆکانیش هەر ڕاستە.

تۆپی پێ ڕووە ڕەشەکەی سیاسەت و داگیرکاریش زۆر بە ڕوونی دەردەخا، کاتێک دییەگۆ ئارماندۆ مارادۆنا لە هەمبەر داگیرکردنی دوورگەکانی مالویناسی ئارژانتین لەلایەن بەریتانیا هەڵوێستی گرت، ئینجا دەرکەوت کە یاریزانی تۆپی پێ ناتوانێ لەهەمبەر داگیرکاریدا بێدەنگ بێ، هەر ساڵی ڕابردوو باشگای بارسلۆنا بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئەوان ناتوانن لەهەمبەر پرسی سەربەخۆی کاتالۆنیا بێلایەنی هەڵبژێرن، هەربۆیە ئەگەر بە نرخی هاتنەدەر لە لالیگاش بێ، پشتیوانی لە سەربەخۆیی دەکەن.

بچووکترین مافی هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە تیمی تۆپی پێی خۆی هەبێ، بەڵام ئەوە نە بە کوردەکان کە لانیکەم لە باشووری کوردستان هەرێمێکی یاساییان هەیە ڕەوا بینراوە، نە بە سکاتلەندییەکان کە جگە لەوەی هەرێمی سەربەخۆی خۆیان هەیە، هاوکات یاریزانی ناوداری جیهانیشیان هەیە، بەڵام ڕێگەیان پێ نادرێ لە جامی جیهانیدا بەشداربن، چونکە وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بەشداربوونیان هەیە، هەر ئەوەی کە نەتەوەکان ناتوانن بەشدار بن و وڵاتانی زۆر جاران خۆ سەپێن تیمی تۆپی پێیان هەیە، وایکردووە کە بەردەوام هاندەران لە دوالیزمێکدا بمێننەوە، خاوەندارییەتی هەندێک یاریزان بکەن، بەڵام تیمەکە بە هی خۆیان نەزانن، ئەوەش بەڕوونی بە هاندەرانی تۆپی پێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارە. هاندەری تیمی ئێران بوون، واتای قبووڵکردنی ئەو دروشمە فاشیستییەیە، و هەر بۆیە ڕقیان لە تەواوەتیی تیمەکەیە، بەڵام ناتوانن خۆیان لە عەلیرەزا بەیرانوەند کە یەکێک لە باشترین گۆڵچییەکانی موندیال بوو، بێبەری بکەن.